# دووەم لە دایک بوونی من

## چەند بەشێک لە رۆمانێکی تەواو نەبوو

سەردار عەزیز

## من

من، لە کتێبی رێزمانی قوتابخانەدا، پێی دەوترا راناوی کەسی یەکەم. کەواتە ئەو راناوەیە کە خۆم وەک کەسی یەکەم لە خۆمەوە دەریئەبرم. من دەبارەی خۆم قسە ئەکەم. مانای چیە ئەگەر کەسێک بیەوێ دەربارەی خۆی بدوێ؟ بۆچی پێویستە یان گرنگە کەسێک دەربارەی خۆی بدوێ؟ پێش هەموو شتێ ئایا پێویستە، یان ئایا گرنگە؟ من کەسێکی تەنها نیم لە سەر ئەم هەسارەیە، بەلای کەمەوە شەش بلێونی تر وەک من هەیە. ئەوەش جێی گومان نیە کە زۆر زۆریش هەن سەر بوردەو حیکایەتی لە من باشترو بە لەزەتتریان هەیە بۆ گێرانەوە. وەک ووتمان ئەمانە زانیاری گومان لێنەکراون. هەرچەندە لە مێژووی مرۆڤدا ئەدەبێکی زۆر هەیە کەوا خەڵک ژیانی خۆیان گێراوەتەوە بەڵام لە باشترین شێوەیدا مرۆڤ بونەوەرێکی نەناسراوە. ئەمەی لێرەدا من ئەمەوێ بیکەم قسەکردنە لە سەر من و تۆو ئەم دونیایەی کە پێکەوە تیا ئەژین. بۆیە ئەم کتێبە دەربارەی من نیە، دەربارەی تۆیە کە ئەیخوێنیتەوە، چونکە من و تۆ لە پەیوەندیەکی بەردەوام و چرداین. هەرچەندە من کاتێک خۆم وەک من دەستنیشان ئەکەم، لە گەڵ خۆیدا خاوەندارێتیەک هەیە. خاوەندارێتیەک بۆ کات بۆ رووداوەکان، بۆ بەسەرهاتەکان، بۆ ئازارەکان، بۆ لەزەتەکان، بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ئەو شتە سەیرە دەخولقێنن، وەبەرهەم دێنن کە پێی دەڵێن ژیان. ژیان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە. چەندێک مرۆڤ هەیە ئەوەندە شێوازی هەیە. ژیان جیاوازەو دووبارەشە، وەک ناونیشانی کتێبەکەی دۆلۆز. ئێمە هەریەکە بۆ خۆمان ژیانێکی تایبەت بە خۆمانمان هەیە. هەرچەندە زۆر کۆمەڵگا هەیە کە نایەوێ دان بەمەدا بنێت. چونکە لەو کۆمەڵگایانەی کە کتێبی پیرۆز هەیە لە تویی پەرەکانیا رێوشوێن و چۆنێتی ژیانێکی باش نوسراوە و دیاری کراوە. کە هەردەم و هەردەم دەبێتە ژیانێکی تراژیدی. ژیان تێکەڵەیەکە لە بچوک و لە گەورە، لە ئازاری بچوک و لەزەتی گەورە، لە لەزەتی بچوک و ئازاری گەورە. کە بۆ یەکەم جار کە لە هەورم روانی لە پەنجەرەی فرۆکەوە لەزەتێکی خۆشبوو. ژیان بریتیە لە تەماشاکردن، لە بیرکردنەوە، لەتێرامان، لە پەیوەندیکردن، لە قسەکردن، لە خۆشەویستی، لە رق، لە چاوەروانی، لە نائومێدبوون، لە هیوا، لە سێکس، لە خوێندنەوە، لە دووگۆڵی، لە چون بۆ سینەما، لە نوستن، هەروەها لە مەرگ. لە نێو هەموو ئەمانەدا من چۆن گوزەرانم کردوە.

کاتێ من بەبێ ترس دەڵێم من، ئەوە دەگەیەنێ کە من لە ناسنامەی خۆم دڵنیام. دەزانم من کێم، من چۆن بیرئەکەمەوە، من چۆن هەڵوێست وەردەگرم، من چۆن هەڵسوکەوت دەکەم. ئەم منە دوژمنی زۆرە. هەمووجارێ کاتێ کەسێ قسەم بۆ ئەکات لە توێی ووشەکانیا بەبێ ئاگایی خۆی ئەوەم پێدەڵێ، تۆ بۆچی وەک من نیت؟ تۆ بۆچی وەک من ناژیت؟ تۆ بۆچی وەک من بیرناکەیتەوە؟ چونکە کە تۆ وەک من نیت من ئەترسم! ئەترسم چونکە تەنها یەک راستی هەیە، یەک رێگای باش هەیە، ئەویش یان تۆی یان من، کەواتە بەوەی تۆ وەک من نیت، من توشی گومان ئەکەیت، من ناچار ئەکەیت بیر کەمەوە. رووبەروومەکەیتەوە لە گەڵ بریاردانا، لە گەڵ هەڵبژاردنا، وە هەردەم هەڵبژاردنیش لەیەکێ زیاترە، ببی یان نەبی، وەها بیت یان ئاوا بیت، ئەوەیە پرسیار. (ئەو کەسانە رقیانە لە هاملت، وەک چۆن رقیانە لە من). یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرم، جۆرە ژیانەکەی تۆ یان جۆرە ژیانەکەی من، چونکە تەنها یەک جۆرە ژیانی باش هەیە. ئەم کەسانە ناتوانن دوو بیری جیاواز لە کەللەسەریانا هەڵگرن بۆیە هەردەم لە شەری ئەوەدان کە جیاواز لە ناوببەن و دووبارەبوونەوە پیرۆزکەن.

ئەم منەی کە ئێستا هەیە، بەرئەنجامی دووەم لە دایک بوونی منە. من لەیەکەم لە دایک بوونما دایکم ئازاردا، لە دووەم لەدایک ببونما خۆم. یەکەم لە دایک ببون لە پێکەوە نوستنی دایکم و باوکمەوە دەستی پێکرد، پاش نۆ مانگ و نۆ رۆژ لە شەوێکی روناکی کۆتایی بەهارا تەواو بوو. من خۆم وا هەست ئەکەم کە لە ناوەندی مانگی نیساندا لە دایک بووم، بەڵام ناسنامەکەم شتێ تر دەڵێ و دایکیشم کە لە هەموو کەسێ تر باشتر ئەزانێ شتێ تر ئەڵێ. بەڵام ئەوەی هەموومان لێی دڵنیاین کە من تەنها یەکجار لە دایک بووم و ئەوەش دەبێ لە رۆژێکا روویدابێ. باوانی ساراماگۆش رۆژی لە دایک بوونەکەیان گۆریوە. بەڵام دووەم لە دایک ببون لەو ساتەوەختەوە روویدا کە فێری خوێندنەوەی

یەکەم ووشەبووم، کە یەکەم کتێبم خوێندەوە، کە یەکەم جار بیرمکردەوە، کە یەکەم جار وویستم بنوسم، کە یەکەم جار کەسێکم خۆشویست جگە لە دایکم، چونکە دایکم هەردەم بەشێ بووە لە خۆم.
ئەم منە کە ئەیەوێ دەربارەی خۆی بدوێ، لە هەمانکاتا ئەیەوێ لە خۆی جیابێتەوە. کە من گەشتمە ئەو ئاستەی کە زانیم خۆم کێم، وا باشترە بمرم، بەڵکو لە حەقیقەتا ئەو ساتە ساتەوەختی مەرگی من دەبێ. کەواتە کە من دەربارەی خۆم دەنوسم دەربارەی بوونێک دەنوسم کە ناتوانرێ بەتەواوی بناسرێ، هەردەم لە پێناسەکان هەڵدێ، لە چەمکەکان یاخی دەبێ. پاڵەوانەکەی هاینریش بۆیل کە نایەوێ بچێ بۆ خزمەتی سەربازی لە من ئەچێ. چونکە ئەو نایەوێ بمرێ، ئەو نایەوێ کەس بکوژێ. میرسۆلی کامۆ لە من ئەچێ، چونکە ئەو نایەوێ درۆ بکات، ئەو نایەوێ بروای هەبێ. زۆربا لە من ئەچێ، چونکە ژیان پێویستە بژێنرێت. فاوستیش لە من ئەچی چونکە دەبێ هەموو شتێ بکەی بۆ ئەوەی بیربکەیتەوە. قاسم ئەمین لە من ئەچێ کە هات بۆ پاریس و کچێ فەرەنسی بوو بە هاورێی، کە رۆشتەوە یەکەم کتێبی دەربارەی مافی ئافرەت نووسی. سەید قوتبیش لە من ئەچێ ئەو پیاوەی چو بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی ببێ بە مامۆستا لە بێزاریا بوو بە پێغەمبەری توندرەوەکان. بەڵام من هیچ کام لەوانە نیم. من لە تەنها دوو پیت پێکهاتووە. میم، کە دەنوسێ بە هەر ووشەیەکەوە ئەیکاتە موڵکی کەسێ، ژنەکەم، کتێبەکەم، بزنەکەم، تۆپەکەم. ئایا من موڵکی کەسێکی ترم؟ ئایا کەسێ ئەتوانێ من بکاتە موڵکی خۆی. کە بووم بە موڵکی کەسێکی تر دەبمە کۆیلە، ئەوەی لە هەمووان زیاتر پێیخۆشە من ببمە کۆیلەی خوایە. ئەگەر بیر لەمن بکەینەوە وەک دەقێک، پێکهاتەیەک، بوونێک، ئەوا ئەوەی منی نوسیوە، منی دروستکردوە، منی خولقاندوە، لە ساتەوەختی تەواوبوونی منا، ئەو لە من جیابووەتەوە و بەڵکو بەپێی بیردۆزەکەی رۆلان پارت ئەو مردوە. مەرگی ئەو بە مانای نەمانی ئەو نیە بەڵکو بەمانای ئازادبوونی منە، تەنیا بوونی منە. نونیش سورەتێکە لە قورئان. یەکەم پیتی نەفیە، نەبوونە. کە پێم دەڵێ ئەگەر من بووم بە کۆیلەی کەسێکی تر ئەوا من نیم. بۆ ئەوەی من ببێ بە منێ سەربەخو ئەوا دەبێ کۆیلەیەتی نەفیکات. ئەوەی وا لە کەسی ئەکات هەرزوو دەستەمۆ بێت، ببێ بە کۆیلە، هەژاری مەعریفەیە. کریستۆف کۆلۆمبۆس لە یادەوەریەکانیا دەگێرێتەوە: کە یەکەم جار گەشتینە قەراخ وشکانی خەڵکانێکمان بینی، کە هاتن بۆ لامان، شتی زۆریان لە گەڵ خۆیان هێنا، وەک توتی، تۆپەڵی لۆکە، میوە، چەندەها شتی تریش، ئێمە لە گەڵیانا گۆریمانەوە بە شوشە و ئەو شتانەی تریش کە هەمانبوو. ئەوان دەیانویست هەرشتێکیان هەیە بیفرۆشن. لەش و لاریان جوان بوو، چوار شانەو  قۆزبوون. هیچ چەکێکیان پێنەبوو، بەڵکو هەر نەشیان ئەزانی چیە، کاتێ ئێمە شمشێرمان پیشاندان ، ئەوان نەیانئەزانی بەکاری بێنن، بۆیە کە بەدەستیانەوە ئەگرت خۆیان پێ ئەبری. ئاسنیان نەبوو، هەریەکە لەوان ئامادەییان تیابوو بۆئەوەی ببێتە باشترین کۆیلە. بە پەنجا کەس ئەمانتوانی هەموویان بکەینە خزمەتکارو هەرچیەکمان بەبیردابێ پێیان بکەین.  کەواتە ئەوەی من لە کۆیلەیەتی رزگار ئەکات مەعریفەیە. لە ئینجیلدا دەڵێ: تۆ راستیت پێ ئەوترێ، وە زانینی راستی ئەتکاتە کەسێکی ئازاد. بەڵام تۆ چۆن ئەگەیتە راستی لە دونیایەکا کە هەموو نوسراوەکان، هەموو دەزگاکان ئەیانەوێ تۆ کۆیلە بیت. بۆ ئەوەی وەک کۆیلەیەکی باش بمێنیتەوە دەبێ لە راستیەکانەوە دوور بیت. کەواتە وەدەستهێنانی ئازادیەکان کارێکی پرلە مەترسی و پر لە ئازارە. یاخی بوونە. لە ئەفسانەی یونانیا کە سیزیف یاخی دەبێ سزای هەتا هەتای بەسەرا ئەدرێ. مەعریفە ئاگرە، دەبێ وەک پرۆمیثوس بیدزی، بۆ ئەوەی تاریکی لادەیت و رووی راستی شتەکانت بۆ دەرکەوێ. ئەمەیە گوناە، بۆیە مەعریفە گوناهە و گوناهکردنیش ئازادیە. ئازادی ئەو دۆخەیە کە من ئەتوانێ تیا خۆی بەرێوەبات، وەک خۆی پەیوەندی بەدونیاوە بکات، بزانێ خۆی کێیە بۆ ئەوەی نوێنەری راستەقینەی خۆی بێت.  بۆیە وەک سۆکراتی نایەوێ ژیانی ئەوانی تر بژی، نایەوێ وەک ئەوانی تر بیرکاتەوە، نایەوێ ئەوانی تر بێت، نایەوێ ژیانێ بژی کە تاقی نەکرابێتەوە.
ئەم منە منێکی ئاسایی نیە. منی پیاوێکە کە لە زێدی خۆی هەڵکەنراوە. پیاوێکە لە نێو ئەوانی تردا ئەژی. پیاوێکە غەریب. لە سەرزەمینێکە کە ناوی غەریبستانە. غەریبستان رەنگە شێوەو رەنگ و پێکهاتەی جیاوازی هەبێ، بەڵام لە هەرکوێیەک بێت هەرچۆنێک بێت وەکو یەکە. غەریبستان مەنفایە. مەنفا سەرزەمینێکە بیرلێکردنەوە لیی شاعیرانەیە، بە لەزەتە، بەڵام ژیان تیایا ئازارە. برینێکی ساریژ نەبووە لە نێوان من و ماڵەوەدا. برینێک هەموو بەیانیەک ئەکولێتەوە. لێرە لە مەنفا هەموو شتێ لە سادەیی ئەکەوێ. سادەیی خۆشی لە سادەیی ئەکەوێ. دەڵێن  ئەرکی فەلسەفە لە سادەخستنی سادەییە، وەک لیڤیناس بروای وایە. ئەوا مەنفا هەموو سادەیەک لە سادەیی ئەخات. مەنفا مەرگی ئاشنایەتیە. ئەگەر فەیلەسوف لە ماڵی خۆیا بە ئارەزووی خۆی بیرئەکاتەوە، ئەوا مەنفا ناچاربوونە بەبیرکردنەوە. مەنفا جێگایەکی تر نیە بەڵکو پەرینەوەیەکی بەردەوامە لە دونیایەکەوە بۆ دونیایەکی تر. مەنفا سنورە، لە نێوان دەرەوەو ناوەوەدا نە، لە نێوان من و ئەوی ترا نە، بەڵکو لە نێوان خۆم و خۆمدا. لە ماڵ: روومەتەکان بەچاوم ئاشنان،

دەنگەکان بەگوێم. لە خەو هەڵئەستام بۆ درێژەدان بە رۆژێکی تری ئاسایی. لە مەنفا هەموو لە خەو هەستانێ، لە خەو هەستانێکی گریگۆری سامسایانەیە، پاڵەوانی رۆمانەکەی کافکا، میتامۆرفۆسە. ئەو پیاوەی بەیانیەک کە لە خەو هەستا پاش خەونێکی ناخۆش، هەستیکرد بووەتە بونەوەرێکی تر. ئەگەر چی من لە جەستەدا نابمە بوونەوەرێکی تر، بەڵام لای ئەوان من بوونەوەرێکی ترم.

پێش نوستن، وەک چۆن بۆ مناڵ حیکایەتی خۆش ئەگیرنەوە، منیش بیر لەماڵ ئەکەمەوە. بەڵام هەمان هەست کە مارسێل پرۆستی دائەگرت منیش دائەگرێ. پرۆست لە بەشی یەکەمی رۆمانی گەران بەدوای کاتی لە دەست چوا، ئەڵێ: سەردەمانێک زوو ئەچومە جێگاوە. مۆمەکەم هێشتا نەکوژابووەوە، هەرخێرا چاوەکانم لێک ئەناو، کاتم نەبوو بە خۆم بڵێم "من ئەنوم"، دەنوستم. هەر پاش نیو سەعات، ئەو بیرانەی وایان لێکردم بنوم بە خەبەریان ئەهێنام". منیش وا هەستدەکەم لە ماڵ بووم، لە تەنیشت دایکمەوە دانیشتبووم بەسەرهاتی خۆمم ئەگێرایەوە. خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون گوێیان لێئەگرتم. هەر

زوو هەستم بەو تراژیدیایە کرد؛ لەوێ کە ئامادەبوون گوێم لێبگرن من نەم ئەتوانی قسە بکەم، لێرە کە ئەتوانم قسە بکەم کەس نیە گوێم لێبگرێ.

ئەگەر لێم بپرسن کەی دەگەرێیتەوە؟ ئەوا ئەوان وا ئەزانن پرسیارێکی سادەیان لێکردووم، بەڵام من هەموو رۆژێ ئەو پرسیارە لە خۆم ئەکەم و وەڵامەکەیم پێ نیە. سەیر ئەوەیە وەڵام ئەدەمەوە، رەنگە بڵێم: ناتوانم بگەرێمەوە، رەنگە جارێکی تر بڵێم: هەرکاتێ بۆم گونجا. رەنگە بشڵێم : بەم زووانە. هەرچەندە من راستی ناڵێم بەڵام درۆش ناکەم، من هەرجارەو بیرێکی جیاوازم هەیە، هیچ شتێ لە ژیانی مندا جێگیرنیە. چونکە من لەوانی تر ناچم، ناچارم لە دووتوێی کتێبەکانا بە دووای هاوەڵێکا بگەرێم. بەدوا گەرانێکی سەختە، هەموو کەسێ پێم دەڵێ، ئەمە رێگای منە دوام مەکەوە. بۆیە هەندێ جار حەز ئەکەم هەموو ئۆدیسە بەگۆرانی بڵێم.

# چاوپێکەوتن

ئەمرۆ رۆژی چاوپێکەوتنە. من دەبێ لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە بم. من لە ژیانما کەس چاپێکەوتنی لەگەڵا نەکردووم، کەس لێی نەپرسیمەتەوە، کەس نەبووە گرنگی بەوە بدات کە من چی ئەکەم، چی ئەڵێم، چۆن دونیا ئەبینم، بەڵام لە کۆمەڵگای من، من کەسێکی تەنهام، کەسێکی تەنها هیچ بایەخێکی نیە. بەڵام، ئەمرۆ کەسێک دەیەوێ چاوی بەمن بکەوێ، لێم بپرسێتەوە، دیارە خەڵکی ناسراو چاوپێکەتن ئەکەن بۆ ئەوەی ئەوانی تر گوێیان لە دەنگیان بێت، بزانن چی ئەخۆن، بەچی پێئەکەنن، چی نوێیە لە ژیانیانا، چیان بەدەستەوەیە، چی لەبەرئەکەن، بەڵام ئەمەی من بۆ هیچ کام لەو مەبەستانە نیە. من کە بەشێوەیەکی نایاسایی هاتومەتە ئەم کیشوەرە، ئەم وڵاتە، دەیانەوێ بزانن بۆ. چی وای لە من کردوە ئەمە بکەم، بە چ مەبەستێکەوە من بەمە هەستاوم. ئەمە یەکەم جارە لەم ژیانە کورتەمدا من ئاوا بەوردی دەبارەی هەموو شتێ لێم بپرسێتەوە، نازانم هەست بەچی بکەم بترسم یان دڵم خۆش بێت. کەوتنە ژێر پرسیار بەو شێوەیە وەک کەوتنە ژێر کاری نەشتەرگەری وایە، یان وەک کاری پشکنین وایە، پشکنین لە نێو قسەکانی منا، لە نێو ئەو ووشانەی کە دەیانڵێم، بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی کە نایانڵێم. هەردەم لە نێو ووتراودا نەوتراوێکی زۆر هەیە بەجۆرێ هەندێ جار ووتن تەنها بۆ شاردنەوەی یان نەوتنی ئەوەیە کە پێویستە بوترێ. لە ژوورەکەدا کورسی و مێز هەیە، کۆمپیتەر هەیە، کە کەش و هەوایەکی دەبەخشن، من بە جۆرێک لە جۆرەکان هەست ئەکەم شەرم ئەکەم. شەرم کردن ترسە، ترسە لە نوێ، لە هەوڵدان، بروانەبوونە بە خود، دروست نەبوونی منە. ژنەکە پرسیار ئەکات و منیش لە سەرمە وەڵام بدەمەوە. ئەو وەڵامەکانی من لە گەڵ بەندەکانی ئەو رێکەوتنامانەدا بەراورد ئەکات کە وەک خۆی ووتی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە شاری جنێڤ لە وڵاتی سویسرا نوسراونەتەوە. لە نێو ئەو دەقە نوسراوانەدا مافێک بە من بەخشراوە، یان چانسی ئەوە هەیە کە مافێک بە من ببەخشرێ. ماف، یاسا، ئەمانە زاراوەگەلێکن من پێیان شارەزا نیم. لە وڵاتی من زاراوەی لەم شێوەیە نیە، رەنگە ئەگەر کەسێکیش بیانڵێ بە ناپاک و پیلان گێر و غەیرەدین لە قەڵەمی بدەن. ئەم مافانە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانا باسکراوە، پارێزراوە، تاکە کەسێ لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانا باس لە مافی کراوە، چۆن ئەوان کەوتوەتە بیریان، چی وای لێکردون نرخ بۆ تاکە کەسێ دانێن، ئەی بۆ لە وڵاتی من کەس مافی نیە، بەڵام وڵاتی من ژێر دەستەیە، ژێردەستەی کۆمەڵانێکە کە هێشتا زۆریان ماوە بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤ. هەر بۆیەشە لەوێ کەس دەقەکانی مافی مرۆڤ ناخوێنێتەوە. شوێنەکە کە چاوپێکەوتنەکەمان لێ ئەنجام ئەدا کامپی پەنابەران بوو. خەڵکەکان زۆربەیان خەڵکی ئەو شوێنانە بوون کە مرۆڤەکان بێ هیچ دوودڵیەک یەکتری تیا ئەکوژن. هەمە رەنگەو هەمە زمان و هەمە شێوە بوو. لەو کەشتیە ئەچوو کە نوح بۆ

رزگاربوونی لە لافاوەکە دروستی کرد. نوح کە ناوی راستی ئوتۆنبوشتمە لە هەموو رەگەزێکی لە کەشتیەکەیا کۆ کردوە. بەڵام هیچ شوێنێک نیە لەسەر گۆی ئەم زەویە هەموو توخمەکانی ئاژەڵانی تیا بژی. دەبێ ئەم پیاوە لە کوێ ژیابێت، رەنگە تەنها لە نێو حیکایەتە گەورەکانا، ئەو حیکایەتانەی کە چی دی ئێمە ناتوانین بیانکینە بەرنامەی ژیانمان بەڵام لەدەرەوەشیان ەست بە تەنهای ئەکەین. کامپەکە خانووەکانی کۆن بوون. یەکەم زانیاری کە پێیان ئەدایت لە گەڵ گەیشتن و نە گەیشتنتا ئەوە بوو، کە ئەم شوینە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا شوێنی سەربازە ئەڵمانیەکان بووە. بۆ هەندێک فەنتازیا بەخش بوو ژیان لە جێگایەکا کە هەمان سەربازەکانی هیتلەری تیا نوستبێ. من لە هەموو ئەوانەی کە لە جەنگی جیهانی دووەمدابوون هەردەم بیر لە گۆبڵز ئەکەمەوە. ئەو پیاوەی کە رقمان لێیەتی و هەموومان لە سەر رێبازەکەی دەرۆین، بیروراکانی خاڵ بە خال جێبەجێ ئەکەین. ئەو پیاوێک بوو رقی لە رۆشنبیران بوو چونکە تەنها ئەوان دەیانزانی ئەوەی ئەیلێ بۆ ئەیلێ وە هەر ئەوانیش ئەتوانن پلانەکانی پوچ کەنەوە. بەڵام سەرەرای ئەوە ئەو باوکی پروپاگەندەیە. ئەو پرپاگەندەیەی کە ئەمرۆ چەندین ناو و ناتۆرەی جیاوازی لە خۆی ناوە. ئەو ئاینەی کە هەموومان لە هەوڵ و تەقەلادایین بۆ ئەوەی ژیانمان بەپێی ئایەتەکانی بگۆرین. بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا هەموو مرۆڤایەتی لە سەر ئەوە رێک کەوتوون کە هەوڵ بدەن بژین بەو شێوەیە کە لە رێکلامەکاندا هەیە.
بە پاسێک منا بۆ ئێرە هانی، نازانم بۆ ئەو دیمەنانەی منالیم ئەکەوتەوە یاد ، کاتێ کە ئەمبینی کوردە فەیلیەکانیان ئێواران دەبرد بۆ ئەوەی ئاودیوی سنوریان کەن. کە بۆ یەکەم جار لە پەنجەرەکەوە روانیم، داری بەرزو جۆگەلەی ئاوو رێگای باریکی پێچاو پێچم بینی. لە بەر دەرگایی ماڵەکشدا کورسیەکی لە تەختە دروستکراو هەبوو کە کەم جار خەڵکی لەسەر دائەنیشت بەڵام پر بوو لە یادەوەری و بەرواری رۆژەکانی رابووردوو بەزمانی جیاجیا. ئەوەی جێی سەرنج بوو لە کامپەکەدا کە رێکلامی شت فرۆشتن نەبوو. رێکلام لە شوێنێک هەیە، کە ژیان هەبێ، بازار هەبێ، لە شوێنێک کەخەمی گەورە لە برەودا نەماوە

## ژنەکە

هاتە ژورەوە ووتی، 'بەیانیت باش'، منیش وەڵامم دایەوە.
جلەکانی رەشن، رەش وەک شەوی یەڵدا، رەش وەک شەوی تەنیای. بەڵێ رەش، رەش وەک قژم کاتێ بۆ یەکەم جار حەزم لە کچێ کرد لە چوارباخ. پێستی لەشی، رەنگی لمی بیابانە. بیابانێک کە نامناسێ و کە ناینانسم، بیابانی نائاشنا بێبەزەییە. لە بیاباندا، چونکە مەودا دوورەکان ئەبینی هەست بە بچوکی ئەکەی هەست بە تەنیایی ئەکەی. نینۆکەکانی بۆیاخ نەکراون، رەنگێکی شیریان هەیە. باڵای کورتە، کورتەباڵاکان داخ لە دڵن، درێژەکانیش بێ عەقڵ. چاویلکەیەکی ئاوی لە چاودایە و قژی کورتەو رەنگی زەردێنەی هێلکەیە. من هیچی دەربارە نازانم، کەسێکە مافی ئەوەی هەیە لێم بپرسێ، لێم بکۆڵێتەوە، گومان لە قسەکانم بکات. چاوەکانی شینن، لەو دیو چاویلکەکەوە بەباشی نابینرێن. لەوە ناچێ هەرگیز خۆشەویستی کردبێ، بەڵام سەرەرای ئەوە بۆنێکی خۆشی لێدێ. بۆنێکی گران بەها. لەوە ئەچێ ئەو شوشانە بێت کە بە بچوکی لە خواریەوە ناوی شاری دڵگیر نوسراوە، بۆ نموونە پاریس. ئەو لەوە ئەچێ ئەم بەیانیە خۆی شتبێ، منیش ئەم بەیانیە خۆم شت. ئەمرۆ رۆژێکی چارەنوسسازە بۆ من. ئەمرۆ من لە بەردەم بەزەییەکانی ئەم ژنەدام. دەبێ من لە رێگەی بەسەرهاتەکانمەوە ببمە مایەی بەزەییەکانی ئەو. ئەی بەزەیی ئەرکێکی ئاینی نیە. لە بەزەییدا مرۆڤ دەبێتە بابەتی خۆشەویستی، بابەتێک چاوەریی ئەوەی لێناکرێ خۆشەویستی هەبێ، یان توانای وەرگرتنی خۆشەویستی هەبێ بەڵکو ئەو تەنها بابەتی خۆشەویستیە. چەند سوکایەتی پێکردنە کاتێک کەسێک دەبێتە مایەی بەزەیی پیاهاتنەوە. بەزەیی لە مرۆڤ خستنی مرۆڤە. بەزەیی لەزەت وەرگرتنە لە بێدەسەڵاتی ئەوی تر. دەسەڵات ئەو ماهیەتەی هەزار رووی هەیە تا زیاترمان لیی هەبێ دڵخۆشتر دەبین، گرنگ تر دەبین.
ژنەکە دەنگێکی نەرمی هەیە. زۆر لە خۆی ئەکات کاتێ بە دەنگی بەرز قسەئەکات بۆ ئەوەی من گوێم لێبێت. پاش تەوقەکردن، ووتی، ' ئەمرۆ من لێرەم بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنت لە گەڵابکەم، بۆ ئەوەی پێم بڵیی چی وای لێکردی وولاتی خۆت جێبهێڵی، چی وای لێکردی بێیت بۆ ئێرە، چەندەها پرسیاری تریش. دەبێ ئەوەندە درێژە نەکێشێ چونکە وەرگێرمان لە نێواندا نیە. پێش هەموو شتێ حەزئەکەم ئەوەت پێبڵێم بە پێی یاسای پەنابەری نەتەوە یەکگرتوەکان کە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە جنێف ئیمزاکراوە، کەسێک دەبێتە پەنابەر ئەگەر لە ترسێک هەڵاتبێ، ئەو ترسەش مەترسی خستبێتە سەر ژیانی. بەڵام حەزئەکەم ئەوەت بۆ روون بکەمەوە کە هەموو ترسێک نابێتە هۆی ئەوەی کە بتکاتە پەنابەر. ئەو ترسانە دیاریکراون'.

ترس قەراخە، قەراخی نێوان دوو ناوەند ، یەکێکیان ویستراو و ئەویتریان نەویستراو. دەبێت من ئەمڕۆ بۆ ئەم ژنەی بسەلمێنم کە من لە ئەو قەراخا بووم، قەراخی ژیان و مەرگ، قەراخی ئازادی و بەندکردن، قەراخی خۆشی و ئازار. من لەو قەراخا بووم گەرامەوە، بەرەو ئەوەش ئەرۆشتم کە بەربمەوە بەرەو لایەنە خراپەکە. مەترسی ئەو ترسەیە کە مافی ئەوەم پێئەدا کە پەنابدرێم. مرۆڤ لە دەست ترس پەنا بۆ دار، بەرد، دیوار، ماڵ، شاخ، دارستان، ئەوانی تر و چەندەها شتی تریش دەبا. بەڵام لەم رۆژگارەدا من پەنا بۆ سیستەمێک دەبەم، بۆ پێکهاتەیەک کە پێی دەڵێن دەوڵەت، لە ڕێی بەندەکانی پەیماننامەیەکەوە کە نیوسەدە پێش ئێستا ئیمزاکراوە. بەڵام من لەلایەن هەمان دەزگاوە ئەچەوسێمەوە کە پێی دەڵێن دەوڵەت.
هەستم ئەکرد رۆژێکی بێزارو درێژبێت. حەزم نە ئەکرد بیر لەو رۆژانە بکەمەوە کە رابووردن. دەمویست لە ژنەکە بپرسم، چەندی تر من لێرە دەهێڵنەوە، کەی لێم دەگەرێن بڕۆم. ئەگەر لێرە بمێنمەوە تا زستان، دەبێ ئێرە چی لێبێت. من تەنها دوو رۆژبوو گەشتبووم، بە هیچ شوێنێک ئاشنا نەبووم. ئەوانەش کە لەگەڵیانا ئەژیام لە ماڵەکەدا حەزم لە چارەیان نەبوو. دوو لاوی خەڵکی شار بوون، سلێمانی، یەکیان دەیووت لەوێ مۆسیقا ژەن بووە، بۆ ئەوە هاتووە بۆ ئەوەی رەنگی پێستی سپی بێتەوە، وەک ئەورووپایی لێبێت، چونکە کەمانچە ژەنیشە وەک ئەوان هەستی ناسکە. شتێکی زلله‌یە، هەردەم لەبەردەم ئاوێنەدا وەستاوە لەخۆی ئەروانێ. هەر حەزدەکەی رقت لێی بێتەوە. لە باشترین کاتیا ناتوانێ دوو رستە بە باشی پێکەوە گرێبدات.
بەڵام ژنەکە ئەرکی ئەوە بوو لەمن بکۆڵێتەوە و هیچی تر، جگە لەوە هیچی تر دەربارەی من نازانێ، یان ئەگەر لە باشترین کاتا بیشتزانێ بە ئەرکی خۆی نازانێ کە زانیاری وا بە من بدات. هەموو کەسێ ئەوە بەجێدەهێنێ کە پێی سپێردراوە. بۆیە هەرگیز تاکە کەسێ نیە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منی پێبێت. کاتێ ژنەکە خەریکی رێکخستنی پەرە کاغەزەکانی سەرمێزەکەی بەردەمی بوو، ژوورەکە بێدەنگ بوو. لە پشتی ژنەکەوە دوو دۆڵابی گەوری رەنگ رەش هەبوون. زەوی ژورەکە لە داربوو، دیمەنێکی سروشتی دڵگیری ئەبەخشی. چەند حەزم ئەکرد رۆژێک کتێبخانەیەکی ئاوام هەبێ. هەرچی دەقە جوانەکانی دونیا هەیە تیاکۆکەمەوە، خۆشم لە ناوەندیانا دانیشم. ئەو ژوورەم هاتەوە یاد کە لە کێڵگەکەمان لە قەراخ سیروان، کتێبەکانمی تیا هەڵگیراوە. دەبێ چیان بەسەر بێت دوور لە خۆم. کەس بیانخوێنێتەوە، کەس گرنگیان پێبدات.. ئایا ئەم ژنە هەرگیز رۆمان ئەخوێنێتەوە، یان هەر ئەخوێنێتەوە.

## ژمارەی فایل:

6992839910

ئەوە ژمارەی فایلی منە. فایلێک هەرچی زانیاریەک کە بیری لێکرابێتەوە و بتوانرێ دەربارەی کەسێک بزانرێ، لە منیان پرسیوە و لەوێدا هەڵگیراوە. ئەوە هەموو شتێکە دەربارەی من. هەرکەسێکیش ئەو هەموو شتە دەربارەی من بزانێت دەزانێت چۆن هەڵسوکەوتم لە گەڵا بکات، چۆن کۆنترۆڵم کات، بۆیە ئەگەر ئێمە لە چەرخی زانیاریا ئەژین هەروەها لە چەرخی کۆنترۆڵیشا ئەژین. هەموو شتێ کە دەربارەی من ئەتوانرێ بزانرێ، لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا لەو فایلە دوورو درێژەدا نوسراوە، کۆکراوەتەوە و هەڵئەگیرێ. ئەو زانیاریانە لە یادەوەری کۆمپیوتەرێکا هەڵئەگیرێ، یان دەخرێتە سەر دیسکێک و ئەو ژمارەیە لە سەر ئەدرێت وە لە شوێنێکا هەڵئەگیرێ. چی دی لەمەو دوا ئەو ژمارەیە منم. من نازانم ئەو ژمارەیە ژمارەی چیە، ئایا ژمارەی ئەوانەیە کە وەک من وان، ئەوەندە مرۆڤی تر لە سەر کورسیەکی وەک ئەم کورسیە دانیشتوون و سەربوردەی ژیانی خۆیان گێراوەتەوە. یان ئەو ژمارەیە کۆدو و نهێنی لە تویی خۆیا هەڵگرتوە، کە رەنگە بریتی بێت لە بەرواری رۆژی گەشتنی من، تەمەنی من، چەندین شتی تر. چی دی ئێرە کۆمەڵگای دەزگاو رێکخراوەکانە، من کەسێک نیم بەڵکو لە راستیا شتێکم، دەبێ رێکبخرێم، لە شوێنێ گونجاودا دابنرێم، ریزبکرێم.
وەرگرتنی ژمارە، یەکەم هەنگاوی پەیوەندیکردنی منە بە دەسەڵاتەوە. لەم یەکەم هەنگاوەدا من لە مرۆڤ خراوم، کەسایەتیم نەما، بووم بە لاشەیەک کە بە ژمارەیەک دەناسرێتەوە. ئەمە هەمان شێوازی بەندیخانەیە، چی دی کەسی تر گوێ بەوە نادا من ناوم چیە. کەس بە ناوی خۆمەوە بانگم ناکات. بەڵکو هەرکاتێ لە داهاتوودا ویستم پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە بکەم، ئافرەتێک وەک ئەم ئافرەتەی ئێستا، بە بێزاریەکەوە پێم دەڵێ؛ ناوتم ناوێ، ژمارەکەتم پێبڵێ ! من ئێستا لە کامپێکی پەنابەریدا لە یەکێک لە وولاتە ساردەکانی ئەوروپادا، لە ژوورێکی مام ناوەندا، لە بەرامبەر مێزێک، لە سەرکورسیەکی بەرگ سەوز دانیشتووم. لە پشت مێزەکەوە ژنێ تەمەن مام ناوەند دانیشتوە. پێی ووتم ئەمڕۆ تۆ لێرەێ بۆ ئەوەی فایلێکی تایبەتت بۆ بکەین، فایلێک کە ژمارەی خۆتی لە سەر دەبێ، وا باشە ئەو ژمارەیە لەبەرکەی،

چاک چاکێ بیزانی هەردەم لە یادت بێت، چونکە چی دی لەمەودوا ناوەکەت گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە ئەو ژمارەیەیە. کە وای ووت گوێم لە دەنگی کیبۆردەکەبوو کاتێ پەنجە درێژو باریکە سپیەکانی دەخستە سەری بۆ ئەوەی ژمارەکەی من بنوسێت. لە گوندەکەمان لە گەرمیان یەکەم پرسیار دەیکەن بۆ ناسینی کەسێ، دەڵێن کوری کێی، خەڵکی کویی ئینجا چ بنەماڵەیەکی. چی دی ئەوانە زانیاری لاوەکین. من ژمارەیەکی ساردو سرم.

ژنەکە، هەرچەندە ئەو خۆی بە من ناساند بەڵام من ناویم لە یاد نەماوە، پێم دەڵێ:"ئەم فایلە کە تایبەتە بە تۆ، دوو بەشە، بەشێکیان زانیاری تایبەتە و بەشەکەی تریان زانیاری گشتی. هەردوکیان زانیاری گرنگن، وە ئێمە زۆر پێویستمان پێیەتی بۆ ناسینەوەی تۆ، بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە سەر تۆ، بۆ وەدەست هێنانی دەرئەنجامی زانستی گونجاو دەربارەی تۆ. بۆیە زۆرگرنگە کە هەموو شتێ بە راستی و راشکاوانە دوور لە هەموو درۆیەک بڵێی. من دەمێکە گەشتومەتە ئەو راستیەی کە درۆ پێویستیە. درۆ ئاسانکەری ژیانە. ئەو یارمیتەدەرەیە کە یارمەتیمان ئەدا بژین. راستی رەنگە هەبێ بەڵام ژیان بەشناکات بۆ ئەوەی بە دوایا بگەرێین، بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە. مرۆڤ لە نێویاندا منیش درۆزن نین، بەڵام ناچار ئەکرێن درۆبکەن. ژیان بۆ خۆی بەرگەی راستی ناگرێ. سەد دەر سەدی راستی مردنە. بۆیە ئەوەی گرنگە راستی ووتن نیە بەڵکو گووتن و ریزکردنی رووداوەکانە بە شێوازێک کە ئەو بروای پێبکات و منیش بە ئامانجی خۆم بگەم. گیلێتیە ئەگەر من راستیەک بڵێم کە ببێتە مایەی ئازار بۆم. ژنەکە کە چاویلکەی لە چاوابوو، جوتێ چاوی شینی وەک ئاسمانی هاوینی کوردوستانی هەبوو، لیی پرسیم: لەو شوێنەی کە لێی هەڵهاتی  چیت ئەکرد؟ منیش دەستوبرد ووتم، کاری سیاسی. ژنەکە بۆ ساتێک وەک مردوو لە جوڵەکەوت، لە دڵی خۆیا ووتی کەواتە هەربە سروشت نازانی راستی بڵێ. ویستم پیی بڵێم ، لە کۆنترین دەقی نوسراوی مرۆڤایەتیدا ئەوە ووتراوە کە چەند پێویستە درۆ بکەی. ئەفلاتۆن لە کتێبی کۆماردا بەو درۆیەی کە پێویستە بۆ ئەوەی سەربازەکان هاندا بۆ شەر، هاووڵاتیان بهێنێتە جۆشی بەرگریکردن، بیانگەیەنێتە بروایەک کە ئەوان وا بروا بکەن، ئەوەی پێی هەڵئەستن ئەوەی ئەیکەن، هەرچەندە رەنگە گیانیانی تیا لە دەست دەن، بە شێوەیەکی ترسناک بریندار بن، بەڵام بۆ بەرگریکردن و داکۆکیکردنە لە مافی خۆیان، لە شەرەفیان، لە خاک و ئاویان، لە داهاتوویان، دەڵێ درۆی پیرۆز. ئەم درۆیە پێویستی بە هۆنینەوە هەیە. ئەوە ئەرکی سەرکردەیە. پێویستە بە شێوەیەک بگێرێتەوە کە تەزوو بە لەشدا بێنێت، لاوان بخاتە سەر کەڵکەڵەی خۆ فیداکردن. ئەم درۆیە پێویستە لە جوانترین و مرۆڤانە ترین شێوەی راستیا بوترێ.

ئەوەی من ووتم ئەو نووسی، هەستیشم کرد ئاگای لە بیرکردنەوەکانمە. پاشان سەری بەرزکردەوە و لەو کاتەدا ملوانکە ئاڵتونەکەی ملیم بینی کە لە سەر سنگی خاچێکی پێوەبوو، دیسانەوە پرسی، ئەگەر تۆ بەکاری سیاسی هەستاوی، لە ووڵاتەکەی خۆت، کەواتە دەبێ وەک هەموو کارێکی تری سیاسی لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایە بروایەکیشی لە گەڵا بووبێت. بروایەک تارادەیەک دەبێ بە هێزیش بووبێت، چونکە تۆ ئامادەبوییت خۆتی بۆ بخەیتە مەترسیەوە، ماڵ و کەسوکارت بەجێبهێڵی. ئێمە هەردووکمان بە زمانی ئینگلیزی ئەدواین، لە کاتێکا نە زمانی زکماکی ئەوبوو نە من. منیش لە وەڵامدا ووتم، بەڵێ، بروایەکی بەهێزم هەبوو بە برواکەم، برواکەشم ئەوە بوو کە پێویستە من هەبم، من وەک ئەوەی خۆم ئەمەوێ، نەک وەک ئەوەی ئەوانی تر. بۆ ئەوەی من هەبم، بۆ ئەوەی من ببوایەم وەک ئەوەی من ئەمویست، پێویست بوو زۆر شت بگۆرێ، نەمێنێ، سەرلەنوێ دابرێژێتەوە، بەرگێکی تری بەبەرابکرێ، بکرێ بە شتێ تر، لە هەموویان گرنگتر بە جۆرێ تر بیری لێبکرێتەوە. ئەمانەش نە ئەبوون، ئەوەی کە دەتوانێ کاری وا بکات، تەنها سەرۆک و  دەستەو دایەرەکەیەتی. سەرۆک بروای وایە کە گۆرانی گەل لە گۆرانی خۆی ئاسانترە،  گەل و ئارەزوەکانی ئەو، خەونە نەخۆشەکانی ئەو  دەبێ پێکەوە بگۆرێن. من و سەرۆک لە یەک ئەچوین بەڵام تەنها جیاوازی ئەوە بوو ئارەزووەکانمان پێچەوانەی یەکتربوو، بۆیە پێکەوە هەڵمان نەکرد، من ناچاربووم بەجێیبێڵم بۆ ئەو. کاتێ ووتم بروایەکی بەهێز نیتچەم کەوتە بیر، ئەو ئەڵێ؛ ئەوەی پێچەوانەی راستیە درۆ نیە بەڵکو بروایەکی بەهێزە لە شێوەی دۆگمادا. کاتێک کەسێ خاوەن بروایەکی بەهێزە ، ئەوا ناچارە دونیاو رووداوەکان و برواکانی تریش وا ببینێت کە لە گەڵ برواکەیدا ئەگونجێ. ئەو زۆر جار پێویستە نکوڵی لەوە بکات کە دەیبینێت، ئەوە نەبینێ کە ئەوانی تر دەیبینن. لە دەرئەنجامدا  هەندێ جار ناچارە درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات، کە پیسترین جۆری درۆیە.

 چی دەبێ ئەگەر جارێ یەکێک لە ژمارەکانی منیان بە هەڵە خستە ناو کۆمپیوتەرەکەوە، من دەبمە کەسێکی تر، یان کەسێکی تر دەبێ بە من. چی دەبێ ئەگەر کەسێکی تر بوو بەمن، ئەوا نە من وەک خۆم دەمێنم و نە ئەویش. چونکە نە ئەو منە نە منیش ئەوم، رەنگە بۆ نموونە ژمارەی کۆتایی بگۆرن من ببمە ژن، یان ئەگەر ژمارەی ناوەراست گۆرا ئەوا رەنگە ببمە پیرەپیاوێکی ئەفغانی. بەڵام ناوەکانی ئەوان لە من ناچن، حیکایەتەکانیان لە من ناچن،

سەربوردەکانیان لە من ناچن، بەڵام بە هۆی هەڵە یەکەوە بوون بە من. دۆلۆز دەڵی هەموو بوون بە بوونێکی تر بە ژن بووندا تێئەپەڕێ، بەڵام ئەم بوون بە بوونێکی تری من لە ئەنجامی هەڵەیەکی خانمێکی لێو سورە لە گەڵ کۆمپیوتەرەکەیدا. لە پەیوەندیە ئاڵۆزەکەی مرۆڤ و تەکنەلۆژیایە. کۆمپیوتەر کەرە، دەبێ هەردەم پێی بڵێی بۆ ئەوەی شتێکت بۆ بکات. بەڵام کەسانێک هەن وا بیر ئەکەنەوە کە سەردەمی ئەوە هاتووە کە بە شێوەیەکی تر بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن مەعریفەمان دەستئەکەوێ، ئەو شتانەی کە بەکاریان دێنین کاریگەریەکی گەورەیان هەیە. رۆحی ئەم سەردەمە لە شتەکانایە تا لە دەقە ئەدەبیەکان، لە دەستماندایە تا لە مێشکمان. رەنگە ئەو خانمە لێو سورە شەوی پێشوو رەحەت نەبووبێ، رەنگە لە باوەشێکی گەرم بێبەری بێ، تا ئامێر زیاتر بێت، ناوەندی پەیوەندیە مرۆڤیەکان ئاڵۆزتردەبێ، جەنجاڵ تر دەبێ، بۆیە تابێت مرۆڤ تەنیاترو خەمبار تر دەبێ. من کە تەماشای ژنی پشت مێزەکە ئەکەم حەزدەکەم لەگەڵیا بنووم، ئەو پێستێکی سپی تەنکی هەیە، قژێ ئاگرین، ئەو لەوە ناچێ لە جێگادا خۆش بێت، من کەبیری لێئەکەمەوە وا هەست ئەکەم لاشەی ساردبێت. بەڵام من لە سەر دەستی ئەو ژمارەیەکم وەرگرت، بووم بە ژمارەیەک.

ئەم ئافرەتە کە کاری ئەوەیە ئەوانی تر بە ژمارەبکات، گوێ لە حیکایەتەکانیان بگرێ. دەبێ بەدرێژای زەمەن ئارەزریەکی وای لادروست نەبێ کە بیەوێ بەدوای ئەو کەسانەدا بروات، بیەوێ زیاتریان دەربارە بزانێ. رەنگە بەهۆی کارەکەیەوە ئەوەی بۆ نەکرێ بەڵام رەنگە پەنا بباتە بەر خەیاڵ بۆ خۆلقاندنی بەشەکەی تری کە ئەیەوێ بیزانێت و نایزانێت. کە دەرواتە ماڵەوە ماندوە، دەچێتە حەمامەکەیان و دوشێ ئەکات بۆ ئەوەی یارمەتی لەشی بدات بحەسێتەوە. پاشان بە خاولیەکی گەورە، کە وێنەی قەراخ دەریایەکی پێوەیە لە ئەندەلوسیا لە کاتی خۆرنیشتنا، لەشی ووشک ئەکاتەوە و هەر بەرووتی ئەروا لە ژووری نوستنەکەی لە جێگاکەیا لە سەر پشت پاڵ ئەکەوێ. بیر لەوە ئەکاتەوە من کە هەموو رۆژەکە لە سەر کورسیەک بەرامبەر دانیشتبووم دێمە ژورەکەیەوە، لە سەرخۆم لە پەنجەگەورەی پێی چەپیەوە ماچی ئەکەم تا تەوقی سەری و پاشان دێمەوە خوار بۆ پەنجەگەورەی قاچی راستی. کە لەشی خاو دەبێتەوە لێم دەپرسی من کێم، داوام لێئەکات پێی بڵێم، لە راستیا من کێم.

## فۆتۆگراف

لەلای چەپی فایلەکەوە لە نێو چوار گۆشەیەکی رێک کێشراودا وێنەکەی منیان داناوە. وێنەکە یەکەم رۆژی پاش گەیشتنم لە بەیانیەک زوودا گرتیان. ریشم هەندێک هاتووە، قژم دانەهێنراوە، رووەمتم تا هەندیک خەفەتبارە. لە یەکەم تێروانینا لە وێنەی پاڵەوانی ئەو فلیمانە ئەچێ کە پاڵەوانەکە ناچارە بۆ ماوەیەک دوور لە ئاوەدانی لە دەشت و دەر بژی بەهۆی ئەو کارەوە کە ئەنجامی داوە. لە منالیا لە کەلار، ئەو شارەی لە گەرمیان لە دەشتاییەکا بە شێوەیەکی نارێک پەرش و بڵاو بوەتەوە، لە سەر کورسیەکی لە دار دروستکراوی کۆن، لە پەنا دیوارێکەوە دایان ئەنایین بۆ ئەوەی وێنەمان بگرن. دیوارەکە بە رەنگێکی زەردی بیابان رەنگ کرابوو، ئەو پیاوەش کە وێنەکەی دەگرت سەرێکی رووتاوەی هەبوو، کە لە ژێر خۆرە گەرمەکەی گەرمیاندا بریقەی ئەدایەوە، ئەو لە پشت ئامێرێکی لە تەختە دروستکراوەوە دەوەستاو دەستی بە نێو پەرۆیەکی رەشا دەبرد بۆ ئەوەی وێنەی من بگرێ، من لە منالیا هەردەم وام بیرئەکردەوە کە ئەوەی ئەو ئەیکرد جۆرێک بوو لە سیحر. لە تەنیشت پیاوەکەوە هەردەم باوکم ئەوەستا، کاتێ کابرای وێنەگر پێی ئەوتین، توزێ سەرت بەرزکەرەوە، باوکیشم دەستوبرد لە پاشیەوە دەیوتەوە، دەی رۆڵە توزێ سەرت بەرزکەرەوە. پیاوەکە پێش ئەوەی وێنەکە بگرێ زۆر شتی دەوت؛ رووت  توزێ بەرەو لای راست وەرگێرە، چاوت بکەرەوە، دەمت داخە، رێک تەماشای من بکە، لە پاش هەموو ئەمانە، کە وەک خۆ ئامادەکردن وابوو بۆ ئەنجام دانی کارێکی سیحری، دەستی دەهێنایە بەردەم ئامێری وێنەگرتنەکەی و پاشان بەخێرا دەستی دەکێشایەوە.  کە وێنەکان دەرئەچون دەیخستە ناو شلەیەکەوە کە لە تێزاب ئەچوو، کە رەنگە بۆ کوشتنی هەموو ئەو شەیتان و جنۆکانە بوبێت کە یارمەتیاندا بۆ ئەوەی وێنەکانیان چێ بێت. من هەرگیز وێنەکانی خۆمم بە دڵ نەبوو، هەردەم بروام وابوو من زۆر لەوە دڵگیرترم. وێنەکان وێنە نەبوون بەڵکو هەر لە تارمایی من ئەچوون. هەرچەندە ئەو سەردەمە هێشتا دڵم بۆ کچان ئەوەندە نەئەچوو بەڵام ئەو وێنانە بە شێوەیەک بوون کە هەرگیز هی ئەوە نەبوون بیدەیتە کچێ بۆ ئەوەی لە تەنیایا تێبروانێ و بە دزیەوە و بە دڵێکی پر لە جۆشەوە بیخاتە سەر دڵی یان نێوان مەمانی. وێنەکەی من لە فایلەکەدا وێنەیەکی رەنگاورەنگی روونە، چاوە قاوەییەکانم بەجوانی دەبینرێن، ئەو دوو هێڵەش کە هەر لە منالیەوە لە نێوان

ئەبرۆمدایەو تا زیاتر لە دایکم دوور کەومەوە زیاتر قوڵ دەبنەوە ڕێک ڕێکێک دەرکەوتون. وێنەکە ئەو بەیانیە وەک جاران نەبوو، ئەوان هەر پێیان ووتم کە بە بەرێکی لە بەردەم قولە ڕێکو پاکەکەی ناو هۆڵەکەدا بوەستم و تەماشای لای پەنجەرەکە بکەم، ژنێ ناشیرین لەو دیوو پەنجەرەکەوە دانیشتبوو، لە جیاتی ئەوەی بە من بڵێ بجوڵێ ئەو خۆی ئامێرەکەی دەجولاند. ئەوان وێنەی منیان گرت بۆ ئەوەی بەباشی من بناسنەوە. بە جەستەم ئاشنابن. چونکە ڕوومەتی من لە گەڵ خۆیا مێژووی خۆشی و ئازارەکانی هەڵگرتوە، وەک دیواری بەندیخانە هێڵی ڕۆژەکانی تەمەنمی لە سەر کێشراوە. بۆ ئەوەی دەسەلات فەراهەم بێت پێویستە جەستە خۆشەبکرێ ، ئەگەر پێویست بکات بخەسەێنرێ. من کە لێرە لەم سەربازگە کۆنە دەمێنمەوە بۆ ئەوەیە بەو قۆناغانەدا تێپەرم. ژنەکە کە وێنەکەی منی لە چوارگۆشەکەدا دانا، تەماشایەکی کردم و ووتی؛ لە وێنەکەتدا ماندوو خەمبار دیاری. منیش سەرێکی ڕەزامەندیم لەقاندو هیچم نەووت. من ماندوو بووم، شەوی پێشو کە گەشتمە بنکەی پۆلیسخانەکە کات درەنگ بوو، بردمیانە هۆڵێکی گەورەوە و ووتیان لەسەر ئەم قەروێڵە دوو قاتە بنوە. دۆشەکو سەرینەکە بە چەرچەفێکی ڕەنگ سپی پاکوخاوێن پۆشرابوو. کە راکشام ئەوانیش گڵۆپەکانیان کوژاندەوە و هۆڵەکەیان جێهێشت. کە گوێم لە دەنگی داخستنی دەرگاکە بوو بەندیخانەم هاتەوە یاد، بەڵام لە ماندوێتیا نەمتوانی لە بیرکردنەوە بەردەوام بم، ئەوە دواین شت بوو کە ئاگام لێبێ ئیتر چاوەکانم لەیەکناو تا ڕۆژی دوای نوستم. ڕۆژانێکی زۆربوو لە شوێنی پاک و جێگای نەرما نەنوستبووم. هەستم ئەکرد جارێکی تر بوومەتەوە مرۆڤ. میرسۆلی کامۆ دەڵێ من زۆرجار بیرم لەوە کردوەتەوە کە لە توانامایە بۆ ئەوەی بە هەموو جۆرە ژیانێک رابێم. دەتوانم ژیانم لە توێی دارێکی گەورەدا بە سەر بەرم، کە بێجگە لە تەماشاکردنی گوڵ و ئاسمانێک بەسەر سەرمەوە  هیچی ترم نەبێ. بۆیە ئەو بەیانیە من ترسام، ترسام لەوەی جارێکی تر بگەرێمەوە بۆ ژیانەکەی پێشووم. ژیانێک کە تیایا بێماڵ بووم.  ترسەکەم زۆر زیاتر بوو کاتێ لە مێشکما بیرێک سەریهەڵدا کە ڕەنگە من بۆ هەتا هەتایە ماڵم لە دەست دابێت. کە لە حەمامەکەدا خۆمدەشت بیرمکردەوە:

کەلە ماڵ دەرۆی ئیتر دەبیتە ئەو بونەوەرەی کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا بۆ مەنزڵێ رائەمێنیی. تۆ چی تر، وەک زیمیل دەڵێ: دووری لەوانەی کە لێت نزیکەوەن، نزیکی لەوانەی کە لێتەوە دوورن. ئەو پاش نیوەرۆیەم هاتەوە یاد کە چاوم کردەوە، دونیا شێوازێکی تر بوو. بەردێ سەرینم بوو، ئاسمانێکی شینیش بەسەر سەرمەوە. لە دوورەوە ئاوێک، وەک ئاوی حیکایەتەکانی منالی لە ژێر خۆردا ئەبریسکایەوە. هەموو شتێ لە بێدەنگیا نووقم بوو، جار جارێ لە دوورەوە لە دەشتاییەکەدا، شەمەندەفەرێکم ئەبینی تێئەپەری. حەزم دەکرد بمبات بۆ ئەسینا. من یەکەم کەس و دووایین کەس نەبووم بەو خاکی یونانەدا تێپەریم. ئەسینایەکان ووشەی بەربەریان داهێنا، من ئێستا بەربەریەکی نوێم. یەکێک لەوانەی کە واڵتەر بنیامین دڵی پێی خۆشە. بنیامین دەڵێ: تاڵی ژیان وا لە بەربەری ئەکات، سەر لە نوێ دەست پێبکات، ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. بۆیە لای ئەو هیچ هەتا هەتایی نیە. لەبەر ئەمەش ئەو ڕێگا لە هەموو شوێنێکا دەبینێ، لە کاتێکا ئەوانی تر چیاو دیوارەکان دەبینن ئەو لەوێشدا ڕێگا دەبینێ. کە ئاوە شلەتێنەکە بە لەشە پر لە توکو ماندوەکەما ئەهاتە خوارێ، بە خۆمم ئەوت؛ تۆ ئەڕۆیت و بە دوای مەنزڵێکا وێڵی. شارەکان جێدەهێڵی و هیچ گوێ بە یادەوەریەکانت نادەی. لە ویستگەی شەمەندەفەرەکانا ئەنویت و ڕۆژی دوای ئەڕۆیت و ئاوریشی لێ نادەیتەوە. بۆ تۆ چی دی جێگایەکی تایبەتت نیە، بۆ تۆ هەموو جێگایەک وەک یەکە. ئەگەر چی مرۆڤ دەتوانێ رابێت بەڵام من پاش نوستنی سەر جێگاکە نەمئەویست رابێم.

تەماشایەکی وێنەکەی خۆمکرد، هەرچەندە ماندوو خەمبار دیاربووم بەڵام هێشتا خۆم وەک کەسێکی دڵگیر هاتە بەرچاو. ویستم بە ژنەکە بڵێم سەرەرای ئەوە وێنەیەکی خراپ نیە، بەڵام وام بەباش زانی بێدەنگ بم. من دان بەوەدا دەنێم کە جۆرە نارسیسیەتێکم تیایە. جۆرێک لە خۆشەویستی بۆ خود. ڕەنگە ئەوەش یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەم سەفەرەم. ڕەنگە ڕوومەتە خەمبارەکەم کە بە لای خۆمەوە ئاسایی بوو بووبێتە مایەی بێتاقەتی بۆ ژنی پشت مێزەکە. بوبێتە مایەی بێتاقەتی نەک لەبەر ئەوەی من خەمبارم بەڵکو ئەو بە باشی نەزانێ کە ڕۆژەکەی بە بینینی وێنەیەکی خەمباری وەک وێنەکەی من دەستپێبکات.

وێنەکە وێنەی من بوو، وێنەی من بوو لە ساتەوەختێکا  کە داوام لە وولاتێکی دیاریکراو کرد بۆ ئەوەی لێمگەرێ لە سەر خاکەکەی بمێنمەوە، لە گەڵ خەڵکەکەیا بژیم، لە ئاوەکەیان بخۆمەوە و  لە هەوای وولاتەکەیان هەڵمژم.  وێنەی من بوو لە ساتەوەختێکا کە داوام لەوانی تر کرد کە هەرچیەکیان هەیە لە گەڵ منیشا بەشیکەن. ساتەوەختێکی ئاسان نەبوو. هەر وێنەیەک دەگیرێ بۆ مەبەستێ دەگیرێ، هەندێ بۆ ئەوەی بیدەن بە خۆشەویستەکانیان، زۆریش لەبەر ئەوەی وەک بەڵگەنامەیەک بمێنێتەوە کەوا کەسی وێنەگیراو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە شوێنێکی تایبەت بووە کە لە وینەکەدا

دەرئەکەوێ، یان زۆر بەسادەیی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو تەمەنەدا بووە.  لە وێنەی  سەر فایلەکەدا من کراسێکی نیمچەکۆنی ڕەنگ خاکیم لە بەرایە، قژم کورتە، لە وێنەی خزمەتی سەربازی ئەچێ؛ ئەو ئەرکەی من هەرگیز وە هیچ کەسێکی تریش لە خێزانەکەمانا ئامادە نەبوو بەجێیبێنێ. ئایا ئەو وێنەیە منم بە تەواوی، ئایا ئەتوانرێ من بە گشتی لە وێنەیەکدا کۆبکرێتەوە. یان ئەو وێنەیە منم لە ساتەوەختێکا. ساتەوەختێک کە تیایا ئەرۆمە سەرزەمینێکی ترەوە ، زمانێکی ترەوە ، کەلتورێکی ترەوە. کە من هیچی لێی نازانم. یانکۆ گۆراڵ پاڵەوانەکەی کۆنراد، لە ئێمی فۆرستا ئەڵێ، بەراستی  گرانە بۆ کەسێ کاتێ خۆی لە گۆشەیەکی نەزانراوی دونیادا  ببینێتەوە، وەک کەسێکی نامۆی، دەستەپاچەی، سەرلێشێواوی دوور لە ماڵ.  بۆیە وێنەکەی من وێنەی منە کە تیایا بووم بە پەناهیندە، بووم بە نامۆ، بووم بە کەسێکی بێشوێن. بۆ هەموو کەسێ وێنەیەک هەیە کە پێی دەناسرێتەوە. مارکس و ئیمام خومەینی بە وێنەی ریشەکەیانا دەناسرێنەوە. کامۆ و کافکا بە روومەتە خەمبارەکەیانا.
لەمەودوا هەموو ئەوانەی خۆشم ئەوێن دەبنە وێنە. وێنەیەک ڕەنگە ئێوارەیەک پاش نانخواردن بە کۆمەڵ لە ژووری دانیشتنەکەدا گیرابێت. دایکم لە سوچێکا دانیشتوە، لە تەنیشتیەوە خوشکەکەم، باوکیشم مۆرە لە کامیراکە ئەکات.

## ناوو

ناسیحی مەلا کەریم، پیاوێکە هەردەم قژی کورتەو چاویلکەی ئاوی لە چاو ئەکات. لە شارێک دەژی کە ناوی دەربەندیخانە. دەربەندیخان شارێکە لە گەرمیان، لە باوەشی کۆمەڵێ چیادایە هەر هێندەی ناولەپی دەستێکە. لە یەکێک لەو شارە نەبینراوانە ئەچێ کە قوبلایخان بۆ پاشاکەی دەگێرێتەوە لە ڕۆمانەکەی ئیتالۆ کالڤینۆدا. ناسیح بێجگە لە ناو، نازناویشی هەیە، کە پێی دەڵێن دوکتۆر حەکیم. لە ڕاستیا دوکتۆر حەکیم نازناوی کۆنە شیوعیەک بوو کە لە بەندیخانەی بەعسدا، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا، ئیتر ناسیح بریاری دا بیکاتە نازناوی خۆی. ئەویش چاویلکەی ئاوی لە چاو ئەکرد. قژی درێژ بوو، چاوەکانی هێندەی کونی دەرزیەک بوو، بەردەوام ئەیتروکان. ئەو بۆ ئەوەی لە مارکس بچێ ریشی دەهێشتەوە، بەڵام ناسیح مارکسێکی ریش تاشراوە. ناسیح بۆ بژێوی ژیانی، خۆی و ژنەکەی و تاکە کچەکەیان، لە قوتابخانە وانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەڵێتەوە. وەک دەڵێن بەدەم باسی مەککەی پیرۆز ئەکات، بەدڵیش لە مۆسکۆیە. چەند ساڵێ لەمەوپێش کاتێ تەنها کچەکەیان لەدایک بوو، کەس گومانی لەوە نەبوو کە ناوێکی سەیری دەنێن، ناوێک بە زمانی کەس ئاشنا نەبێت، ناوەکەش پراڤدا بوو. پاش ناونانەکە ناسیح چەند شەوێک نەنوست بەردەوام بیری لەوە ئەکردەوە، چۆن لە دێرێکی کورتو موختەسەرا وەڵامێکی چرو پر بۆ پرسیارەکەی هەموان ئامادەکات، ئەرێ مامۆستا ئەم ناوە یانی چی. ناسیح چەند وەڵامێکی هەڵبژارد بەڵام لە کۆتاییدا لە گەڵ ئەوەدا گیرسایەوە کە بڵێ، "پراڤدا ناوی ڕۆژنامەکەی هاورێ لینینە و یانی ڕاستی".  هێنانی ناوی هاورێ لینین بەس بوو بۆ ئەوەی دڵی شیوعیەکان رازی کات. بەڵام لای ئەوانی تر گران بوو. لە دەربەندیخان و دەوروبەری شیوعیەت عەشیرەتە وەک هەموو عەشیرەتەکانی تر.  کە پراڤدا گەورەبوو بریاریدا لە زانکۆ وانەی مێژوو بخوێنێ، بۆ ئەوەی ئاواتی لە مێژینەی باوکی بەدی بێنێ و نامەیەکی ماستەر دەربارەی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر بنوسێ. بەڵام ئەم خەونە ڕۆژێک لە پر بوو بە کابوس. ئەو ڕۆژە ناوەندی مانگی ئازار بوو کاتێ مامۆستای وانەی کوردناسی دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە قسەی کرد. مامۆستاکە ووتی کە کیمیابارانەکە رویدا دونیا لێی بێدەنگ بوو، نەک هەر ئەوەش بەڵکو هەندێ نکوڵیان لێکرد، لە نێویاندا یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە، لە ڕۆژنامەکەیانا کە ناوی پراڤدایە، بە سەردێرێکی گەورە نوسیبویان کیمیابارانی هەڵەبجە روونەداوە. پراڤدا بەوەی گویی لێبوو شڵەژا. ئەو ڕۆژە لە سورِی بێنوێژیا بوو بەڵام نەیویست بێدەنگ بێت، پرسیاری لە مامۆستاکەی کرد، ئەی مامۆستا باوکم هەر لە منالیەوە دەڵێ پراڤدا یانی ڕاستی. مامۆستا پاش تۆزێ بێدەنگی، لەوە دڵنیابوو کە ئەو کچی پیاوێکە بروایەکی کوێرانەی بە شتەکان و چەمکەکان هەیە، لە وەڵامدا ووتی، کچی باش بە باوکت بڵێ با تۆزێ ئۆروێلیش بخوێنێتەوە، جورج ئۆروێل لە پاریس لە کافێیەکدا کە ناوەکەی یانی دواین ویستگە. هەموو ڕۆژێ بۆ ساتێ کچێکی بچکۆلە دێ لە سەر کورسیەکی لای مێزی نزیک پەنجەرەکەوە دائەنیشێ . وەک هەموو پاریسیەک بە ویقارەوە ئەدوێ. هەموو جارێکیش پێش ئەوەی بێت لە دوکانی ڕۆژنامەفرۆشەکەی سەر ڕێگا لۆمۆندێ ئەکرێ. ئەو ئەوەش باش ئەزانێ بۆ ئەوەی لە سەر کەلتوری خێزانەکەی بروا دەبێ لیفیگارۆ بخوێنێتەوە. لۆمۆند ڕۆژنامەی چەپەکانە، ئەم کچە کە ناوی پۆلین بوژێ دێلارۆک-ە، هەموو کەس بە ناوەکەیا ئەزانێ  کە دەبێ لیفیگارۆ بخوێنێتەوە. پۆلین لە خێزانێکە لە ناوچەی بریتنی دەژین. ناویان لە مێژووی فەرەنسادا هەیە، ئەو ئاواتەی ئارثەر رامبۆی شاعیر لە خوێنی پیسا دەیخوازێ. پۆلین کاتێ لە زانکۆ بۆ هەر هۆیەک بێت کە ناوی ئەخوێننەوە، هەموو ئەوانی تر مۆرەئەکەن. ئەو دەڵێ هەموو ئەوانی

تر ناوه بێزارەکانی کتێبە قەبەکانی مێژویان دێتەوە بیر. مێژووی سەردەمی بۆربۆنەکان کە ئەم باپیری تیایا ئەدمیراڵێکی کەشتیوان بوو.

ژنی پشت مێزەکە کە ناوەکەیم لە یاد نەماوە، لێی پرسیم، ئێستا دێینە سەر ناوو. لە سەرەتادا ناوی خێزانیتم پێبڵێ، منیش ووتم، حاجی حسەینی سۆفی عەزیز. هێندێکی پێچوو تانوسیەوە، سەدای پەنجەکانی لە سەر کیبۆردەکە لە ژورەکەدا دەنگی ئەدایەوە. ژنەکە پرسی، ئەوە چوار ناوە؟ پاش ساتێک رامان، ووتم نەخێر، تەنها دوو ناوە، حاجی حسەین و سۆفی عەزیز. سەری سورما. ئینجا ووتم؛ حاجی کەسێکە کە سەردانی ماڵی خوا ئەکات. خوا لە بیابانێک لە نزیک دەریای سور ماڵی هەیە. سۆفیش پیاوێکە عاشق، لە تەنیاییدا چاوەکانی لێک ئەنێ تابیێتە بەشێک لە دونیا، تا تێکەڵ بێت بە بەخوا. ژورەکە رووناک بوو پەردەی پەنجەرە گەورەکان لادرابوو. بە یەکێک بە دیوارەکانەوە وێنەیەکی گەورەی رەش و سپی هەڵواسرابوو؛ پیاوێکی ریش هاتووی باڵابەرزی رەقەڵە، کڵاو لە سەر، لە ویستگەیەکدا لە شەمەندەفەرێ دائەبەزی، ماندوو دیاربوو، جانتایەکی گەورەی رائەکێشا. لەودیوو پەنجەرەکەوە دارستانێکی ناکۆتایی هەبوو بە تەماشاکردنی جۆرە هێمنیەکیان پێئەبەخشیم. ئینجا ژنەکە ووتی ئێستا ناوی خۆتم پێبڵێ، ناوی یەکەمت، ئەو ناوەی کە رۆژانە پیی ئەناسرێیتەوە، ووتم، هاوار. داوای لێکردم بۆی سپێڵ کەم پیت بە پیت بیڵێم. منیش ووتم، هێچ، ئەی، دەبلیو، ئەی، ئار. نوسی و ئینجا ووتی، هەی-ۆەر. من زەردەخەنەیەکم بۆ کردو ووتم نەخێر، ههاااواااار، ئەویش لەدوای منەوە ووتیەوە، پاشان پرسی یانی چی. پێمووت ماناکەی ناوی تابلۆ ناسراوەکەی مونش-ە. ئەو تابلۆیەی کە پیاوێکی رەنگ مردوو، بە سەر پردێکا ئەپەرێتەوە، مەملەکەتێکی وێرانە لە پشتیەوەیەتی، هەردوو دەستە لاوازەکەی وەک مەلای گوند خسوەتە پەنا گوییەوە و هاوار ئەکات. ئەو ووتی مونش پیاوێک بوو لەرووی دەرونیەوە نەخۆش بوو، من تێناگەم بۆچی کەسێ ناوی وا حاڵەتێکی بێزار لە خۆی ئەنێ. من پێم ووت؛ هیچ ناونانێک بی مەبەست نیە هیچ ناونانێک لە خۆرا نیە، کە باوانم ئەو ناوەیان بۆ من هەڵبژارد، پیاوێکی وەک پیاوی تابلۆکەی مونشیان لە خەیاڵدابوو. پیاویک کە وولاتەکەی وێران ئەکرێ، وەک چۆن پاڵەوانەکەی مونش بەسەر پردێکا ئەروا ئەوانیش ئەیانەوێ لە شوێنی خۆیان دەریکەن، بۆیە ئێمە هەمومان هاوار ئەکەین و کەس گوێ لە هاوارەکەمان ناگرێ. ئۆسلۆم هاتەوە یاد ئەو شارەی بە درێژایی زستان لە ژێر بەفردایە و لە کۆندا پێیان ئەوت کریستیانا.

ئەوەم بە بیرداهات کە ناوەکەم بگۆرم. ناوێکی تر سەرلە نوێ ناسینەوەیەکی ترە لە گەڵ دونیادا، خۆناساندنەوەیە جارێکی تر بە دونیا وەک کەسێکی تر. ئەم ناوەم لەگەڵ مندا مێژوویەکی هەیە. نازانم یان بەتەواوی نازانم ، کێ ناوی ناوم بۆچی وا ناویان نام. هەرکێیەک بوبێت و لەبەر هەرهۆیەک بوبێت ، من چی دی کەسێکی هاوارکەر نیم، من چی دی پیاوێکم لە بێدەنگی. رەنگە دایکم ناوی نابم بەوەی هەردەم هاواریەتی لە دەس باوکم و کەس گوێ بە هاوارەکانی نادا. ئەوەی بە ژنەکەم ووت دەربارەی، نەتەوەکەم بێکەم و زیاد دەرباری دایکیشم راستە. ژنێکی بچکۆلەی چاو شین کە بەبێ رەزامەندی خۆی داویانەتە پیاوێکی سمێڵ زل. ئەگەر ناوێکی نوێ بۆ خۆم هەڵبژێرم چی بێت، چ ناوێک بێت بۆ منی ئێستا بشێت، لەگەل دووەم مندا تەبا بێت. ناوێکی وەک رێبوار، کەسێک کە هەردەم ئەرواو نازانێ گەیشتن لەکوێیە. یان ئەگەر رێکەوت لە شوێنێکا دانیشت ئەوا بیری ئەروا ، خەیاڵی ئەروا. کە نیشتەجێیە لە سەفەرایەو کە لە سەفەرایە بە دوای نیشتەجێبووندا ئەگەرێ. ئەم منە هەردەم لەگەڵ شوێنا لە شەرایە، کە لێی ئەبرێ بیری ئەکات، کە پێی ئەگات ئەیەوێ بەجێیبهێڵێ. بەڵام من رێبوار نیم، رێبوار کەسێکە، لە شوێنی خۆی دەروا بۆ شوێنێ تر پاشان دەگەرێتەوە بۆ شوێنی خۆی، بەڵام ئەم منە بۆ ئەوە شوێنی خۆی جێنەهێشتوە بگەرێتەوە. کەواتە ناوێک وەک کۆچەر، ئەو کەسەی لە شوێنێکەوە دەروا بۆ شوێنێکی تر، شوێنێکی تر بۆ ئەوەی لێێ بژی، تیا نیشتەجێببێ، بەڵام ئەمەش من نیم. بۆ من شوێنێک هەیە کە یادەوەریەکانی ئازارم ئەدات بەڵام نامەوێ بۆ بگەرێمەوە، رەنگە بۆ ئەم منە باشترین ناو ئۆدیسۆس بێت، کە بە زمانەکەی هۆمەر یانی هیچ کەسێ، هەروەها خەڵکی هیچ شوێنێ کەواتە ناوێک وەک نامۆ.

دۆریس لیسنگ دەڵێ هەڵبژاردنی ناوێکی تر بوون بە کەسێکی ترە، کارێکی پر لەزەتە، هەر بۆیەش ئەو رۆمانێکی بەناوێکی ترەوە نوسی کە جەین سۆمەر بوو. کە لە ئێران ئەژیام ناوم رەحیم بوو، پێیان ئەوتم ئاغای رەحیمی، بەڵام هەرگیز رۆژێ هەستم نەکرد کە ئەوە ناوی منە یان هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە، بەڵکو تەنها رێکەوتێک بوو پەیوەندی بە ئاسانکردنی ناسنامە قاچاخەکەمەوە هەبوو.

پاشان ژنەکە لیی پرسیم، ناوی دایکتم پێبڵێ، ووتم ئامینە عبدالرحمان. هەستم کرد بیری ئەکەم، دەترسام زیاترم دەربارەی لێ بپرسێ، چونکە هەستم ئەکرد کە لیی دوورم، دووریەک کە بەمەوداکان ناپێورێ. بە بیرکردنەوەی

هەستم بە تەنیای ئەکرد، دایکم وولاتێک بوو هەردەم بەبێ هیچ لێپر سینەوەیە مافی پەنابەرێتی پێ ئەبەخشیم. بیرم لە ناوەکەی کردەوە، ئامینە بە زمانی عیبری یانی ئەی خوای گەورە وەلآمم بدەرەوە، عبدالرحمان-یش یانی کۆیلەی کەسێکی پر لە بەزەیی. ئەوەی سەیربوو کە هیچ کام لەوانە لە ئارادا نەبوو. میرسۆلم بە بیرداهات، ئەو رۆژەی کە نامەکەی پێدەگات و تیا نوسراوە کە دایکی مردوە، بەلآم نەمویست بیری لێبکەمەوە.
پاشان ناوی براو خوشکەکەی لێپرسیم، ووتم رزگار و هەسارە. جارێ تر بێدەنگی باڵی بەسەر ژورەکەدا کێشا، لە دەرەوە بای دەهات، جارجارێکیش گەلآیەکم ئەدی لاواز لاوازێ لە داری بەر پەنجەرەکە بەر ئەبوەوە. هەستم کرد کە پایزە، بیرم لەوە کردەوە رەنگە دیمەنێکی جوان بێت، لە پەنجەرەوە تەماشای ئەم دارستانە بکەم رووت بوەتەوە. کاتێ چڵەکان تاکوتەرا گەلآیان پێوەماوە و بە هەموو لایەکدا هەڵچوون. حەزم دەکرد ژنەکە بەرووتی ببینم. هەرچەندە بروام نەبوو کە لەشو لارێکی جوانی هەبێ، حەزم ئەکرد رووت بێت بۆ ئەوەی هەست بەشەرم نەکەم لە بەرامبەریا، جلەکانی پێیان ئەوتم کە ئەو بۆی هەیە لە من بکۆڵێتەوە، گومان لە هەموو شتێک بکات کە من دەیڵێم، جلەکان هەستم ئەکرد نا عەدالەتیەکی لە نێوان من و ئەودا دروستکردوە. ئەو کاتە ژنەکە قومێک ئاوی لە پەرداخی سەر مێزەکە خواردەوە و گەرایەوە بۆ پرسیارکردن.

## رۆژی لەدایک بوون

هەمووومان، من، دایکم، باوکم، براکانم، خوشکەکانم، گوندەکەمان، زۆربەی زۆری خەڵکی وولآتەکەم، لە یەکەم رۆژی مانگی تەموزدا لە دایک بووین. لەو ناسنامەی بە من دراوە پیاوێک زانیاریەکانی پڕ کردوەتەوە ناوی فازڵ بەخش کاکەیە. وەک بە ناوەکەیا دیارە لە هۆزی کاکەییە، ئەوانەی سمێڵیان لە پیاوە دەریاوانەکانی سەدەکانی پێشوو ئەچێ. سمێڵ نیشانەی پیاوبوونە، پیاو؛ هێزو جوانی و مەردایەتیە، جەنگاوەریە، بۆیە شورەییە بۆ پیاو کە ئەو نیشانە پیرۆزە لە خۆی دوورخاتەوە. فازڵ پێاوێک بوو روومەت پڕ لە شەرم، سەر رووتاوە. لەوە ئەچێ کە لە سەرەتای حەفتاکان کە دایکم و باوکم منیان بردوە بۆ ئەوەی ناونوسم بکات، ئەو بە بێ پرسینەوە ساڵەکەی کردوەتە دوو لەتەوە و سەرەتای بەشی دووەمی هەڵبژاردوە. چونکە نە بەلای ئەوو نە بەلای باوانیشمەوە هیچ گرنگیەکی تایبەت نیە لە رۆژی هاتنە دونیادا. بۆچی گرنگە بزانیت کەی لە دایک بوویت؟ رەنگە ئەگەر من برۆمە پارکێکی شار و لە ژنێکی وەک ئەم ژنەی بەرامبەرم بپرسم لە وەلآمدا پێم بڵێ، چونکە ئەوە رۆژێکی تایبەتە بە تۆ. ئەوە رۆژێکە کە تۆ تیایا سەرەتای سەفەرێک دەست پێ ئەکەی، سەفەرێک کە پێی ئەوترێ ژیان.
ژنی پشت مێزەکە لیی پرسیم، رۆژو مانگو ساڵی لە دایک بوونتم پێبڵێ. کە پێم ووت ئەو نووسی. کە لە نوسین بوەوە تەماشایەکی رووومەتی کردم، وەک ئەوەی بیەوێ بزانێ لە ناوچاوانم نوساوە چەند. ئەو ساتە بیرم کردەوە کە من لە چەند مانگێکی داهاتوودا تەمەنم دەبێتە سی ساڵ. ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی بوایەم رەنگە ئاهەنگێکم بگێرایە. هاورێکانم داوەتکردایە، خواردن و خواردنەوە، گۆرانی و سەما، هەموو بە بۆنەی رۆژی هاتنە دونیای منەوە ساتێک دڵیان خۆش بوایە. رەنگە لە وولآتانی دوورەوە، ئەو وولآتانەی کە خۆر تیا ئاوا نابێ، یان ئەوانەی کە بە هەزار حاڵ تیا هەڵدێ، نامەو پۆست کارتی جوانم بۆ بهاتایە، تیایا کۆپلە شیعری ناسک و هیوای ژیانێکی پر لە خۆشیان بۆ بخواستمایە. لەو ساتەدا حەزم ئەکرد لە ژورەکە برۆم، برۆم بۆ شوێنێکی بێ دەنگ، تەنیا دانیشم ، پارچە شیعرێک بە گۆرانی بڵێم. شیعرێک کە خۆمم لە بیرباتەوە بمخاتە سەر نەغمەی خەیاڵێک، شیعرێک باسی شتی سادەو ناسک و جوان بکات. شیعرێ گۆران نوسیبێتی، دڵم بۆ تەڵێ وەنەوشە لە بن ماڵێ توترکا پەرۆشە.
ژنەکە ووتی، لە چەند مانگی داهاتودا، یەکەم جەژنی لە دایک بوونت لە وولآتێکی نوێ دەگێری، ئەوە دوو جەژنە، جەژنی سی ساڵەو یەکەم ساڵەش. سی ساڵەی تەمەنت و یەکەم ساڵەی گەشتنت. دەبێ جەژنێکی جیابێت، لە کاتێکا تۆ گەشتویتەتە شوێنێکی تر دوور لە ماڵ و کەس و کار. کە ئەو قسەی دەکرد من بە بێدەنگی چاوم لە ناچاوانی بریبوو، وام هەست ئەکرد ئامێرێک ئەدوێ. کاتێک گوێم لە ووشەی گەیشتن بوو، بیرم بۆ ئەوە چوو، ئایا من گەیشتووم؟ ئەرێ گەیشتن چیە؟ ئەگەر گەیشتن شوێنێ مەبەست بێت، ئەوا ئەو شوێنە لە کوییە؟ بۆچی ئەو شوێنەیە و شوێنێکی تر نیە؟ ئایا چۆن بزانم ئێرە شوێنێ گەیشتنە، جگە لە دارستانێک و کۆمەڵێ خانووی کۆن نەبێ هیچی تر نین. ئایا من هەرگیز ئەگەم بە گەیشتن یان نەگەیشتن بە گەیشتن چارەنوسی منە. کە گەلگامیش سەفەری کرد، دەیویست بزانێ مردن چیەو گیای ژیانی دەستکەوێ، ئەی من چی؟ باوکم لە هەموو تەمەنیا تەنها سێ حیکایەتی گێرایەوە، یەکیان دەربارەی پێاوێکی شارەزوری بوو، کە لە شار بێوەژنێکی خرو پر دەخوازێ، بەلآم هەموو جارێ

کە دەچێتە جێگا، ئاه، هەڵدەکێشێ. کاتێ بێوەژنەکە لیی دەپرسێ، ئەویش لەوەڵاما دەڵێ، ئاه بۆ نوستن لە سەر گژوگیای دەشتی شارەزور هەڵئەکێشم.
ڕەنگە بەم زووانە جەژنی چل ساڵەی لەدایک بوونی ژنەکە بێت، ڕەنگە لە چل زیاتر، بەڵام لە دەوروبەری ئەو ژمارەدایە. ڕەنگە لە گەڵ خێزانەکەیا ئێوارەیەک ئاهەنگێکی پڕ لە خۆشەویشتی و بچکۆلە بگێرن. چل مۆمی بچکۆلە لە سەر پارچە کێکێک دانێن و بەدەم گۆرانی، جەژنی کە دایک بوونت پیرۆز، ووتنەوە هەموویان ئاگری مۆمە بچکۆلەکان بکوژێننەوە. ئەوان لە شێوەی بازنەیەکا وەک مەراسیمی ئاینی لە دەور کێکەکە ئەوەستن پاشان هەریەکەو پارچەیە بچکۆلە بۆ خۆی دەبرێ و درێژە بە ئاهەنگەکە ئەدەن. بەڵام ڕەنگە ئەم ئافرەتە بە تەنها بژی، تەنها لە ماڵێکی بچکۆلە لەگەڵ سەگێک یان پشیلەیەکدا. ئافرەتی تەنها لە چل ساڵیا خەمبارە. لە بیستدا وەک گوڵ بۆ ژیان دەکرێتەوە، لە سی دا بەدوای خۆشەویستیا ئەگەرێ، لە چلدا خەمبارە. ئەو دەیەوێ کەسێک هەبێ گویی لێبگرێ، شتەکان و هەستەکانی لە گەڵا بەشکات. بەشکردن کرانەوەیە بەرامبەر ئەوی تر، ڕاکێشانی ئەوی ترە بۆ دونیای خود، لە هەمانکاتا چونە نێو دونیای ئەوی ترەوەیە. ئەم جێگۆرکێیە بە خود کرداری عیشقە. لێرەوە دەرگایەک بۆ بەیەکترناسینی جیاوازیەکان و دابەشکردنی هاوبەشەکان دەکرێتەوە. ژیان بەبێ عیشق وەک ڕێکردنە لە بیابانا بە شەو، زوو زوو وون دەبیت و زۆر گرانە بزانە ڕێگا لە کوێوەیە. لەدایک بوون دەستپێکردنە، دەستپێکردنە بە هەوا هەڵمژین، بە جیابوونەوە، بە تەنها بوون. بۆیە ئێمە ئاهەنگ ناگێرین چونکە نابێ ئێمە بە تەنها بین. من نابێ هەبێ، ئەوەی هەیە ئێمەیە یان ئەوان.
من کە ئەمەوێ هەبم وەک من، لە مەودوا جەژنی تایبەت بە خۆم دروست دەکەم. جەژنێک کە تەنها جەژنی من بێت و بەس. جەژنی یەکەم ماچ، جەژنی جێهێشتن، جەژنی گەیشتن، جەژنی پەرینەوە لە زەریای ئەتڵەسی، جەژنی خوێندنەوەی یولۆسێس. جەژنی بە زیندوو مانەوە لە پەرینەوەی سنورەکان.

## شوێنی لەدایک بوون

شوێن و کات، ئەمەیە ژیان. ژیان بریتیە لە تێپەراندانی کات لە شوێندا. کات لە جوڵەیەکی بەردەوام دایە، شوێنیش بۆیە شوێنە چونکە نەگۆرە. کەواتە ژیان بریتیە لە پێکەوە گرێدانی دوو ماهیەت کە لە پێکهاتەدا دژ بەیەکن. ئێمە لەسەر شوێن دەوەستین بۆ ئەوەی کاتمان پیا تێپەرێ، ژیانیشمان بریتیە لە بەرگەگرتنمان بۆ پێکەوە گرێدانی ئەم دوانە. تا زیاتر بەم کارە هەستین لاوازتردەبین تا لە کۆتاییدا هەموو ووزەیەک کە هەمانە لە دەستی ئەدەین و ئەو ساتەوەختە دەمرین. ئەم گۆی زەویە وەک یەک نیە، تۆ لەکوێ هاتبیتە دونیاوە، ئەوا سەر بە ئەوێی، خەڵکی ئەوێی، لەوێ زیاتر بەهەموو شوێنێکی تر ئاشنایت. تراژیدیای ئێمە ئەوەیە کە یەک جار دێینە دونیاوە، بۆیە هەردەم هەست بە نامۆیی دەکەین.
ئەو شوێنەی کە تیا دێیتە دونیاوە ناوی هەیە، وەک چۆن خۆت ناوت هەیە. زانینی ناوەکانە کەوا ئەکات بتوانرێ بناسرێیتەوە، جیابکرێیتەوە، دەربارەت بزانرێ، بۆیە خوا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد. ئەو شوێنەی کە من تیا هاتمە ئەم دونیاوە ناوی باوەنورە. ئەوەم بە ژنەکە ووت ئەویش نووسی، ئەو هەر شتێک من بیڵێم دەینوسێ. کاری نوسین کاری نیشتەجێ کردنی ووشەیە، ووشە لە میانەی کاتەوە لەدەمەوە دەوترێ پاشان لە شوێنێکدا لە سەر پەرە کاغەزێ یان لە یادەوەری کۆمپیوتەرێکا دادەنرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ لە داهاتودا سەردانی بکرێ، بۆ ئەوەی دژی کات بوەستێ.
باوەنوور، لە دڵی گەرمیاندایە. گەرمیان ئەو سەرزەمینەیە کە لە هاویندا هەموو شتێ تیا ئەبێتە هەڵم. گەرمیان یانی ووڵاتی خۆر. لە کۆندا کاتێک هێشتا سروشت ژیانی بەرێوە دەبرد، هۆزە کۆچەریەکان لە وەرزی زستاندا بۆی دەگەرانەوە. بەڵام لەوەتەی دیکارت هات و پیی ووتین دەبێ بەسەر سروشتا زاڵ بین، ئیتر هۆزە کۆچەریەکان نیشتەجێبوون، سروشتیش دەسەڵاتی لە دەستدا. یەکەم کەس کە لە باوەنوور نیشتەجێ بوو، پیرەمێردێکی نابینابوو، کە ناوی غالی حاجی کەریمە. دەڵێن هەرچەندە ئەو نابینا بوو بەڵام ئەو نوورەی دەبینی کە لە مەزاری باوەنوورەوە هەڵدەستا. نوورێک کە لە ڕۆحی پاکی ئەوەوە دەرئەچوو بەرەو ئاسمان. چی لە نوور پاکترە. ئیتر بۆیە بریاریاندا کە لە وێدا بارگە بخەن و مردوەکانیشیان بە دەوری مەزاری ئەو ڕۆحە پیرۆزەدا بنێژن. مردوەکان هەرچەندە کەس هیچ هەواڵێکی لێیانەوە نیە بەڵام هەمو دڵنیان، گەر کەسێک روو لە قیبلەبێت و لەوێدا لە تەنیشت ئەو ڕۆحە پیرۆزەوە نێژرابێت خوا بەهەشتی پێدەبەخشێ. جگە لە چاوەروانکردنی بەهەشت هیچ شتێکی تر نیە لە باوەنوردا مایەی خۆشی بێت. بۆیە لە زستاندا، ئەو وەرزەی وەک هەموو وەرزەکانی تر کە هیچ شتێ نیە بیکەن، لە پەنای دیواری مزگەوتەکانەوە، وەک بەتریکی قەراخەکانی پەتەگۆنیا لە تەنیشت یەکەوە دائەنیشن و بەبێدەنگی سڵاوات بۆ ڕۆحی پاکی موحەمەد ئەخوێنن. لە دەقە فەلسەفیەکانا نوسراوە، هەژاری هێزە. هەژاری رووتبوونەوەیە لە هەموو شتێکی

دروستکراو، بۆیە هەژار لەبەردەم خۆیایەتی بە تەنها. هەژار پیاوێکە لە بەردەم خۆیدا، تەنهایە بەڵام ئازادە. ئازادە چونکە ئەو هیچی نیە لە دەستی دات، ئەو هەردەم لە قەراخی ئەوەدایە کە ژیان لە دەستدات. ئەو لە دەرەوەی تۆرو پێکهاتەو دەزگاکانەوەیە هەر بیرکردنەوەیەک لە ئەوەوە مایەی تێکدانی دروستکراوەکانە، بۆیە مێژووی هەژار هەردەم مێژووی ئاژاوەیە. بەڵام لێرە لە باوەنوور لە نێوان هەژار و خۆیدا تارماییی ناوەندێک هەیە کە پێی دەڵێن بەهەشت.
ماڵەکەی کە منی تیا لەدایک بووم ئێستا نەماوە. شەو بوو وەک دەگێرنەوە. دایکم هێشتا تەمەنی نەگەشتبووە بیست ساڵ. لە چل رۆژی یەکەمی تەمەنما من لە بەر نەخۆشی برام بۆ سلێمانی بۆ خەستەخانە. دایکم و هەروەها نەنکیشم کە لە گەڵ دایکما هاتبوو بۆ شار بروایان وایە، کە تەنها لە دوو حاڵدا کەسێ پێویستە بێت بۆ شار، بۆ زیارەتی کاکە ئەحمەدی شێخ و بینینی دوکتۆر. شار شوێنی شەیتانە رۆڵە، کە گەورەبووم ئەوان هەردەم وایان بە من ئەووت. شەیتانیش باشەی کەسی ناوێت. هەردەم لە دووی ئاژاوەیە. لای ئەوان شەیتان لە هەموو شوێنێکە. تواناشی هەیە بێتە هەموو شوێنێکەوە، تەنانەت خەونەکانیشمانەوە، ئەوە ژووری نوستن و حەمام و قوتابخانەو سینەما، هەر باس مەکە. ئەگەر ئێستا لە کونی کلیلی دەرگای ئەم ژوورەوە ببینن من بە تەنها بەرامبەر ژنێ دانیشتوم لە ژوورێکا، هەر خێرا هاواریان لێبەرز دەبێتەوە و لە خوا دەپارێنەوە کە شەیتان لە نێومان دوور خاتەوە. دونیا دابەشکراوە بۆ دوو بەرە ، بەرەی خوا و بەرەی شەیتان. مرۆڤیش لە نێوان هەردوکیاندا، یان ئەوان هەردوکیان لە نێو مرۆڤدا، ململانێیانە. چەند بەدبەختە مرۆڤ. ئەو هەردەم گۆرەپانی شەرەکانە. بۆیە لە سەریان پێویستە ببنە خۆیان، تا هەردوو هێزەکە لە خۆیان دوور خەنەوە و ئازاد بن.
باوەنوور، وەک هەموو شوێنێکی تر، بە مزگەوتێ دەستپێئەکات و بە بنکەی پۆلیس کۆتایی دێت. لە مزگەوت هەموو سوژدە ئەبەن بۆ خوا، لە بنکەی پۆلیس سزا ئەدرێن ئەگەر لە تاعەتی حوکومەت دەرچن. هەردوو بیناکە لە هەرە گەورە و هەرە تۆکمەترین بیناکانی گوندەکەن. لە نێوانیاندا ماڵە هەژارەکان هەن کە لە قوڕ بە تەنیشت یەکەوە دروستکراون. ژنەکە لیی پرسیم تا تەمەنی چەند ساڵی لەوێ مامەوە، لە وەڵامدا ووتم بیست. بیست ساڵی رەبەقی درێژ. کە هەر هەمووی بێ کەم و زیاد دووبارەکردنەوەی یەکتربوو. چونکە دایکم چی دی لەوێ ناژی، من ئێستا تەنها بیری هاورێیەکم ئەکەم. هاورێیەک کە بەیەک رۆژ هاتینە دونیاوە، پێکەوە گەورەبووین، بە دەشتەکانا رامانکرد، لە سەر تەختەی رەقی قوتابخانە دانیشتین، جوێنی مزری زۆرمان بە مامۆستای کەللە وشکەکان دا. هاورێکەم ئێستا لە تەنیایا ئەژی، ئەو هەردەم پیاوێک بوو لە بێدەنگی. ترسام ژنەکە دەربارەی پرسیارم لێبکات، بەڵام باش بوو هیچی نەووت، باوێشکێکی قووڵی داو گواستیەوە بۆ پرسیارێکی تر.

## رەگەز

ژنەکە بێ ئەوەی پێویست بکات لێم بپرسێ لە بەردەم وەڵامی ئەو پرسیاردا دەربارەی رەگەزی من راستێکی بەسەر ئەو خانەیەدا هێنا کە لە تەنیشتیەوە نوسرابوو نێر. گرنگی پرسیارەکە بۆ ئەوانەی تر بوو کە پاشان لەم فایلە ئەکۆڵنەوە. ئەوان ئەو ساتەی کە دەزانن من نێرم، کە رەنگە هەر لە سەرەتاوە نەبێ چونکە ناوەکەی من بۆ ئەوان ناوێکی ناسراو نیە، ئیتر شێوازێکی تایبەت لە وێناکردن و بیرکردنەوە لایان دروست دەبێ. وێناکردنێ کە بە نێرەوە تایبەتە؛ پیاوکوشتن، شەرکردن، ئازاردانی ئەوی تر، لاقەکردنی ئافرەت، چەندەها شتی تریش. دیارە هەموو شتێ لە جەستەی منا نیشانەی ئەوەیە کە من نێرم نەک مێینە؛ سمێڵ، ریش، دەنگ، لاشە پر توکەکەم. هەر کاتێ کە لە تەنیشت ئافرەتێکەوە بە رووتی لە سەر جێگا پاڵ ئەکەوین، هەر خێرا دوای رەحەت بوون ئافرەتەکە ئەو بەراوردە ئاشکرایە لە نێوان لاشەی من و لاشەی خۆیدا دەبینێ. من لە بزن یان وورچی کێوی ئەچم، ئەوانیش زۆربەیان توکێکی وردی تەنکی رەنگ زەرد بەسەر لاشە سپیەکەیانەوەیە کە بە ئاستەم دەبینرێ، بۆیە هەندێکیان بە لە سەرخۆ دەست بە لاشەما ئەهێنن، وەک ئەوەی لە باخچەی ئاژەڵان بن. نێر بوون یان مێینەبوون رەنگە بەلای ئەو ئافرەتەی کە لەو دیوی مێزەکەوە دانیشتووە و قاچی خستوەتە سەر قاچ بەو شێوەیە نەبێ کە لای من هەیە. ئەو قاچەکانی تاشراون، لێرە رەنگە ئافرەت هەموو لاشەی بتاشێ. تووک نیشانەی کێوی بوونە، ئەو دابەشکردنەی کە لە سەردەمی راوشکارەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئەو سەر بە کەلتوری رۆژئاوایە، ئافرەت وا هەست ئەکەن بە بەراورد بە ئافرەتانی تری دونیا ئازادن. بەڵام هێشتا مێینەبوون ناسنامەیە، ئافرەت بە ئافرەتی لەدایک نابێ، سیمۆن دی بۆڤار دەڵێ، بەڵکو دەبێتە یان دەکرێتە ئافرەت. دی بۆڤار لە سەرپشکی ئەوانە بوو کە بۆ مافی ئافرەتان تێئەکۆشا، بۆیە زۆر بە کراوەی هەردەم زیاد لە پیاوێک لە ژیانیا بوو. ئایا ئازادبوونی ئافرەتان لە ئەنجامی زیاتر بە مرۆڤ بوونی پیاوەوە بوو، یان ئەویش وەک چەندین دیاریدەی تر دەرئەنجامی گۆرانی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. لە وولاتی من مێینە

بوون ئازاره، بێبەری بوونە لە مرۆڤ بوون. ئەو بونەوەرەیە کە بۆ زەمانێ زیندە بەچاڵ ئەکرا پاشان وە تائێستاش زیندە بەماڵ دەکرێ. ئەو بۆ ئەوەیە ماڵ پاک راگرێ، پیاو بحەسێنێتەوە، منالٚ وە بەرهەم بێنێ. ژن لەوێ مرۆڤ نیە. بەڵکو ئامێرێکە بۆ رەحەت بوون، رەحەت بوونی پیاو. کە خوشکە گەورەکەمیان مارەبری منیش دانیشتبووم، مەلا مەحموود کە پیاوێکی چوارشانەی رەش تاڵە بوو، لە چەقی دێوەخانی ماڵەکەمانا دانیشتبوو، ئایەتی قورئانی پیرۆزی ئەخوێند، بەڵام ئەوەی هەردەم دەربارەی ئەو رووداوە لە یادمە ووشەی، نکاح-ە. ئەو هەموو شتێک کە کردی ئەوەبوو رێگەی بە پیاوەکە دا بۆ ئەوەی لە گەڵ تەنها خوشکەکەما نیکاح بکات. ئەو هیچ باسی ئەوەی نەکرد کە ئەو ئەمرۆ لێرەیە بۆ ئەوەی بە ئەمری خوا رێگە بە دوو کەس بدا بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان دەستپێبکەن. بەڵکو هەموو کارەکە هەر چەند دووبارەیەکی ووشەی نکاح بوو و هیچی تر. بیرم لەوە کردەوە ئەگەر من نێر نەبوایەم چی دەبوو. رەنگە نەخرامایەتی بەر خوێندن، بە نابەدڵی خۆم بە شوو بدرایەم، رەنگە بە پیرەمێردێک یان پیاوێکی لادێی کە هەموو خۆ پاککردنەوەیەک ئەیکات ئەوەیە کە بەیانیان زوو پێش نوێژ چەند مەسینەیە ئاو بە خۆیا بکا، چیە ئەمە ووسڵ ئەکات، خۆی پاک ئەکاتەوە. لە گەڵیا ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان، ئەو چەند ئایەتە کەمەی کە ئەگەر بیزانێ، بخوێنێ تا وا هەست بکات نەک لە رووی جەستەییەوە بەڵکو لە رووی دەرونیشەوە پاک بوەتەوە. رەنگە بیاندامایەتە موسوڵمانێکی توندرەو، ئەوانەی پێش ئەوەی برۆنە جێگا دەبێ ئاوی خۆ پاککردنەوەیان ئامادە بێت، وە پاش هەر رەحەت بوونێ دەبێ خۆیان پاک کەنەوە. ئەگەر ئافرەت بووایەم دەبوو لە ماڵەوە بمێنمەوە، هەرگیز بۆم نەبوو سەفەر بکەم، بە تەنها لە ویستگەی شەمەندەفەرەکەی ثیو سالۆنیکیا تابەیانی لە سەر کورسیە بنووم. یان لە کەڤاڵە لە بن دارێکا دانیشم بە تەنها هەنجیر بخۆم و تەماشای خۆر بکەم چۆن لە سەرخۆی لە دەریای سپی دا وون دەبێ.

لە باوەنوور حەوت ژن هەن ناویان نیهایەتە. نیهایەت بە زمانی عەرەبان، ئەو هۆزانەی لە بیابان دەژین و هەرکەی بۆیان بکرێ یەکتری سەر ئەبرن، یانی کۆتایی. بەڵام تەنها یەک پیاویش چیە ناوی وەهای نیە. نیهایەت یانی بێزار بوون یانی نەویستن، یانی ئەو کەسەی هەڵگری ئەو ناوەی ئێمە زۆری تری وەک تومان هەیە، چارەمان ناوێی، بە هاتنت کەست دڵخۆش نەکرد، بۆیە لەو کەسەی کەتۆی خولقاندوە داوا ئەکەین کە لە جنسی تۆمان ناوێ. تۆ بێکەڵکی تۆ ئافرەتی لە باشترین وەزعدا شەرم بۆ خێزانەکەمان ئەهێنی.

چی دەبێ ئەگەر رۆژێ ئافرەت بوو بە مرۆڤ. ئەو سیستەمەی کە بووە بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لە نێو هەمووماندا تێکدەچێ، وێران دەبێ، وەک دەواری دۆم بەربا کەوتبێ شرو وور دەبێ. ئافرەت وەک هەژاران هەردەم مایەی مەترسین، بۆیە دەبێ سەرکوتبکرێن، لە کونجی ماڵەوە بەندبکرێن، پێیان بووترێ وە هەردەم و هەموو رۆژێ لێیان دووبارە بکرێتەوە کە کاتێ ئەوان قسە ئەکەن، رێ ئەکەن، بیرئەکەنەوە، گۆرانی ئەڵێن، جل لە بەرئەکەن، نان دەخۆن، خەون دەبینن؛ دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێت، زۆر زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت، چونکە هەرشتێ ئەوان بیکەن خێزانیشی پێوە لەکەدار ئەبێ، ئەوان هەڵگری شەرەف و ناموس و حەیاو ئەخلاق و ناوو و ناتورەو هەموو شتێکی خێزانن. من بۆیە هەڵهاتم بۆ ئەوەی ببمە من بەڵام ئەوان هەرگیز ناتوانن هەڵبێن بۆیە لەوێ هەرگیز رێیان پێنادرێ کە من-ی سەربەخۆی خۆیان هەبێ . ئایا هەبوونی منی سەربەخۆ تەنهایی نیە؟ دروستکردنی بەربەستێک نیە لەبەردەم خۆت و ئەوانی ترا؟ لە دەرئەنجامدا خەمباری و گۆشەگیری. تەنیایی یەکێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە، بۆیە نابێ مرۆڤ بەکاری وا هەستێ چونکە زۆر بە ئاسانی لە توانایدا نیە. بەڵام ئایا لە راستیا ئێمە تەنها نین، بە تەنها لە دایک ئەبین، بە تەنها دەمرین، بە تەنها خۆمان بەرپرسین لە کارەکانی خۆمان، بە تەنهاش ئازار ئەدرێین. ژنەکە لەو کاتەدا بۆ ساتێک رۆشتە دەرەوە، ژورەکە تەواو بێدەنگ بوو، من بە تەنها سەر کورسیە رەنگ سەوزەکە دانیشتم.

لە ئاستانە، ئەو شارەی لە پان و پۆریا بەسەر دوو کیشوەردا بڵاوبوەتەوە، لە چێشتخانەیەکا کاری قاپ شتنم ئەکرد. بەزمانی تورکان بە چێشتخانە دەڵێن لۆقەنتە. چێشتخانەکە لەو بەشەی ئەستەنبوڵ بوو کە کارگە و کرێکاری تیا نیشتەجێبوو، پێیان دەووت گویل گویلان. ئەو بەشەی چێشتخانەکە کە خواردنی تیا ئامادە ئەکرا لە پشتەوە بوو، گەورەو شێداربوو، سەرەرای ئەوە نیمچە روناک بوو بەڵام بەجوانی ئەو تاقە وێنەیە دەبینرا کە بە دیوارەکەوە بوو. وێنەکە هی ئافرەتێکی روومەت منالّی چاو بچکۆلەبوو. بەسەر چیمەنێکا رێی ئەکرد. لە پشتیەوە باڵەخانەیەکی رۆژهەڵاتی دڵگیر دیاربوو. ئافرەتەکە بێباکانە رێی ئەکرد، قاچەکانی دەبینرا کە توندتوند پێچرابوون. لە مێژووی وولاتی چیندا لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکاندا، ئەو ئیمپراتۆرانەی کە وەک خەلیفەکانی ئەستانە ژمارەیەکی بێشومار ئافرەت لە ژێر ناوی جیاجیادا لە کۆشک و تەلارە گەورەو گرانەکانیانا ژن بوون، خزمەتکار بوون، کەنیزەبوون، حەریم بوون. ئەو ئافرەتانە لە منالیەوە بۆ ئەوە ئامادەئەکران بۆ ئەوەی لەوێ بەکاربێن، ئامادەییەکی دەرونی، ئامادەییەکی جەستەیی. یەکێک لەو کارانە بە بچوک هێشتنەوەێ قاچ بوو. ئافرەتی کۆشکو تەلار دەبێ قاچی بچوک

بێت، چونکه ئیمپرەر وای پێ جوانە، چونکە ئافرەت نابێ لەوێ دوورکەوێتەوە، چی دی ئەو پێویستی بە قاچ نیە بۆ رێکردن. لە پشت وێنەکەوە هەندێ نوسین هەبوو بەڵام بۆ کەس نە ئەخوێندرایەوە، زۆربەی تورکەکان نەخوێندەوارو لە دونیا بێئاگابوون.

## قوتابخانه

لەگەڵ دەست پێکردنی شەرا منیش خوێندنم دەستپێکرد. شەرێک کە هەر من گەورە ئەبووم و ئەو هەر درێژەی ئەکێشا. قوتابخانەکە لە قەراخ گوندەکەمان بوو. چواردەوری بە حەوشەیەک گیرابوو، دەرگاکەشی رەنگی رەشێکی قەترانی بوو. پایزبوو، باپیرم لە گەڵابوو. ئەو بەیانیە نەنکم کە ناوی پیرۆزە تەنها هێلکەیەکی بۆ کوڵاندبووم، پاشان لە بەر ئاوێنەی قەد دیوارەکە بە شانەیەکی رەنگ زەرد قژم داهێنا. جلەکانم پاک بوون، شەوێ پێش نوستنیش پاک پاکێ خۆم شتبوو. هەرچەندە ئەترسام بەڵام لە لایەکی ترەوە دڵم خۆشبوو. کە گەشتینە قوتابخانە باپیرم بردمی بۆ ژوری بەرێوبەر. پیاوێکی رەنگ ترسناک بوو لەو دیو تاکە مێزی ژورەکەدا دانیشتبوو، زوو زوو دەستی بە قژیا ئەهێنا. کە باپیرم لە دەرگای دا، ئەو ووتی، فەرموون. لە ژورەوە من لە بەردەم مێزەکەدا وەستام، باپیریشم گەرایەوە دواوە و پاشان لە سەر کورسیە رەنگ رەشەکە دانیشت. کە گەورەبووم هەر کاتێ چیرۆکێکی ئەنتوان چیخۆفم ئەخوێندەوە دەربارەی ژیانە مزرەکەی فەرمانبەران، تا رۆژگاری ئەمرۆش هەردەم وێنەی بەرێوبەری پشت مێزەکەم لە خەیاڵە. من هەر هێندەی مێزەکە  باڵام بەرزبوو، چاوم بریبووە چاوی بەرێوبەرەکە. ئەو کاتە باپیرم کە شەست ساڵێک تەمەنی دەبوو، رووی لە مامۆستاکە کردوو ووتی، "ئەم کورە، کوری تاقە کچەکەمە، ئامینە... مامۆستا قسەکەی بە باپیرم بری و ووتی،' خوا لێتان نەسێنێ! من سەرم سورما ئەو چون قسەی بە باپیرم بری. باپیرم لە سەردەمی مەلیک غازیا لە سوپادا بوو، دەیزانی چۆن بەباشی لە گەڵ ئەوانی ترا بدوێ. ئینجا باپیرم پاش سوپاسکردنی مامۆستا، لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو؛ عەمری بوە بەشەش ساڵ و هێناومە بۆ ئەوەی لای جەنابتان بیخەمە بەر خوێندن. ئەو کاتە من قسەکەی نەنکم کەوتەوە بیر کە پێش ئەوەی ماڵ بەجێبهێڵین بە باپیرمی ووت، بە مامۆستا محێدین بڵێ، ئەمە کورەکەمانە، گۆشتەکەی بۆ تۆو ئێسقانەکەی بۆ ئێمە. دەترسام باپیرم وابڵێ. پاشان بیرم کردووەوە دەبێ ئەو چی لە گۆشتە کەمەکەی سەر ئێسقانم بکا، دەبێ مامۆستا گۆشتی مناڵان بخوا!! ژنەکە ووتی ئێستا دەچینە سەر پرسیارەکانی دەربارەی خوێندن. هەموو شتێکم دەربارەی قۆناغەکان و ژمارەی ساڵەکان و ناوی قوتابخانەکان پێبڵێ. من بێزاربووم لە پرسیارەکان، لە گێرانەوەی مێژووی خۆم بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێ. هەرچەندە من بە سروشت حەزم لە پرسیارکردنە، پرسیارکردن تێرامانە، گەرانە، ناسینەوەی رێگای راستی پڕ لە هەورازی وەڵامە. بەڵام ئەمرۆ من، بۆم نەبوو بپرسم، من لە سەر ئەو کورسیە دانیشتبووم بۆ ئەوەی وەڵام بدەمەوە. لە دەستدانی توانای پرسیارکردن لە دەستدانی دەسەڵاتە، توانای پرسیارکردن هەبوونی دەسەڵاتە. دەسەڵات بۆ زانین، بۆ پشکنین، بۆ گومانکردن. کێشەی وەڵام دانەوەی پرسیارکانی لەوەدابوو ئەگەر تەنها یەک پرسیار چیە بەهەڵە وەڵام بدەمەوە ئیتر دەبێ ئەوانی تریش سەرتاپا بەهەڵە وەڵام بدەمەوە. پرسیارەکان هەموو یەک لە دوای یەک دەهاتن و وەک تەون، تەونی جاجۆلکە، پێکەوە نوسرابوون.  بیرم لە شەرو خوێندن کردەوە، چ رێکەوتێک بوو کە من خرامە بەر خوێندن و شەر دەستی پێکرد. من لە گەڵ ئەوەی فێردەبووم چۆن دونیا بناسم، لە هەمانکاتا بە بەرچاوی خۆمەوە دەمدی چۆن وێران دەکرێ.  ئایا ئێمە دونیا بۆ ئەوە دەناسین تا وێرانی کەین.

قوتابخانە شوێنێکی خۆش نیە. لە پۆلدا دەبێ لە تەنیشت ئەوانی ترەوە دانیشی. دیوارەکان  هەردەم پرن لە نوسین، نوسینی ئەو شتانە کە شەرم ئەکەین بیڵێین، کە ئەترسین پێی هەستین، یان زۆر بەسادەیی هێڵی لارو لوێری بێمانا وەک زۆر شتی تر لە ژیانا. کورسیەکان لە تەختەن و بۆنی ناخۆشیان لێدێ. لە بەرامبەریشدا تەختە رەشێک هەیە، کە لە تاریکیەکی بێ کۆتایی ئەچێ، کە هەندێ جار من وام ئەزانی بەشێکە لە سەری مامۆستا.  لە سەروی تەختە رەشەکەوە وێنەیەک هەیە، هەردەم و هەردەم پیاوێکە  بە روومەتیا پێت دەڵێ، ئەگەر لێم نەترسی ئەتکوژم، کە مامۆستا لە ژێریا دەوەستێ ئیتر ئەویش لە ئەو ئەچێ. من هەردەم لە نێو ئەوانەدا هەستم بە بێزاری و نامۆیی ئەکرد، من چێژ لە ئازاردان وەرناگرم، بۆیە کەس خۆشی نەئەویستم. من هەستم ئەکرد ئاژەڵێکی جیام. چەند خەمبارە کە هەست ئەکەیت جیایت، کە هەست ئەکەیت ناتوانی لەگەڵ ئەوانەدا یاری بکەیت کە ئازاری کەرە بەستەزمانەکان ئەدەن. کەر ئاژەڵێکە لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیا لە زۆرینەی مرۆڤی سەر گۆی ئەم زەویە مرۆڤانە ترە. پۆل بەشێکە لە قوتابخانە، شوێنێکە هەردەم بیر لەوە ئەکەیتەوە کەی بۆ یەکجاری و هەتاهەتایە بە جێیبێڵی. دەقی نوسراوی نێو کتێبەکان بێزارن، بە هیچ جۆرێ باسی مرۆڤ بوون و خۆشەویستی و پەیوەندی و  هاورێتی تیا نیە. نوسینەکان نامۆن، نامۆن بە مرۆڤ بە دەوروبەر بە حەقیقەت، بۆیە لە یەکەم هەنگاوی دوای پۆل هیچ شتێکم لەبیرم نەئەما.

ژنەکە بەلایەوە گرنگ بوو بزانێت من تاچەند خوێندومە، چونکە زۆرو کەمی خوێندنە بریار لەسەر ئەوە ئەدا تا چەند من ئەتوانم لەم کۆمەڵگایەدا بەسودبم. قوتابخانە شوێنێکە ئێمە رائەهێنن چۆن دەزگاکان بەرێوەبەرین، چۆن ئەم سیستەمەی کە هەیە درێژەی پێبدەین. خوێندنگاو زانکۆکان شوێنی راهێنانن، راهێنان لەسەر ئەوەی کە هەیە و ئەوەی کە پێویستە درێژەی پێبدرێ. بۆیە ئەمرۆ خەڵکێکی زۆر کە رووئەکەنە خوێندنگاو زانکۆکان بۆ ئەوەیە لە پاش دەرچونیان کارێ بدۆزنەوە. کارکردنیش یانی هەبوونی ئامادەگی بۆ بوون بە بەشێک لە کۆمەڵگا. بۆیە کە کەسیک دەبێتە کارکەر ئیتر خەونەکانی دەگۆرێن، دەگۆرێن بۆ ئەوە پلانانەی کە لە خزمەتی درێژە پێدانی ئەوەدایە کە هەیە. کە خەونەکان بوون بە پلان، ئیتر گۆران لە بەرنامەدا دەسرێتەوە. ژیان دەبێتە هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی خێزان، دروستکردنی ماڵ، کرینی سەیارە.

حەزم ئەکرد ژنەکە دەربارەی مامۆستا محێدین لێم بپرسێ، بەڵام ئەو بەلایەوە گرنگ نەبوو. کە من لە دواساڵی قۆناغی سەرەتاییدا بووم محێدین برا بۆ خزمەتی سەربازی، لە گەڵ ئەو هەزارەها سەربازەی تر، کە بەرگرییان لە دەروازەی رۆژهەلاتی وولاتی عەرەب ئەکرد. ئەوان رۆژانە بە سەدانیان لێئەکوژرا، سەرەرای ئەوە، هەموو خەونیان بەوەوە دەبینی کەی لەم خزمەتکردنە رزگاریان بێت، بگەرێنەوە بۆ نێو ناولنگی ژنەکانیان ، کە لە جیاتی ئەوان کرێکارە میسریەکان ئەیانشێلا، ئەوەش شێوازێک بوو لە بەرگریکردن لە دەروازەی رۆژهەلاتی خاکی عەرەب. لەنێو ئەو هەزارانەی کە کوژران، مامۆستا محێدین یەکێکیان بوو، لە هێڵی بەرگری لە شاری دێزەفول.

پاشان دەربارەی زانکۆ لێی پرسیم. ووتی چیت خوێندوە، ئادابی ئینگلیزی لە وەڵاما ووتم. لە کوێ؟ لە زانکۆ، لە شارێک کە ناوی سلێمانیە. سلێمانی شارێکە سەد کیلۆمەتر لەو شوێنەوە دوورە کە دایکمی لێئەژێ. کە من ماڵم بەجێهێشت دایکم گریا، بۆ هەفتەیەک جلی رەنگ تاریکی لە بەرکردوو، بە تەنها لە قەراخ سیرواندا گۆرانی ووت، من لە شار گوێم لێبوو. منااڵ بووم کە یەکەم جار باوکم هێنامی بۆ شار. خەڵکی سلێمانی بە شارەکەیان دەڵێن شار، ئەوانیش وەک پاریسیەکان ئەوەندە لووت بەرزن هەر تەنها شارەکەی خۆیان رەوایە شار بێت. کە لەگەڵ باوکما هاتم لە پاڵەوانە بچکۆلەکەی سەمەدی بەرهەنگی ئەچووم. لەهەموو شتێکم بە تەوەسەوە ئەروانی، زستان بوو لە بەردەم دوکانی ئوتوی هەڵمینەکانا ئەوەستام بۆ ئەوەی بە هەڵمەکەی قاچە بچکۆلەکانم گەرم بێتەوە. کە گەورەبووم ئیتر فێربووم بێم بۆ شار. یەکەم جار لە هۆڵە پیس و تاریکەکەی سینەما دڵشاد بە لاشە سپی و خرپنەکەی هۆلیا ئۆفشەرەوە رەحەت بووم. کە گەرامەوە ، یەک مانگی رەبەق فلیمەکەم بۆ براکانم و هاورێکانم ئەگێرایەوە، هەر جارەی بە جۆرێ. ئەوەندە بە لەزەت بوو بۆ تەنها جارێکیش چیە کەس نەیووت درۆ ئەکەی. بۆ ئەوەی لە زانکۆ بخوێنم دەبوو لە شار بمێنمەوە. ژنەکە دەربارەی شوێنی مانەوەم لێی پرسیم، لە وەڵامدا ووتم، لە ئوتێلێک بوو کە ناوی سۆمەر بوو. لە کوێدا بوو کێت لەگەلابوو، ژنەکە پرسی، ئوتێلەکە لە بەشی هەژارانی شاربوو، لای ئەو گەراجە پڕ لە چلپاوەی کە ناوی ئەسحابە سپی بوو. خوێندکاری زانکۆ و سۆزانی یەک جۆر ژیان ئەژین. لە وولاتی هۆڵەندا زۆر لە خوێندکارە کچەکان هەفتەی جارێک دەرۆن بۆ ئەوەی ببنە سۆزانی، تا پارەیە باش پەیداکەن بیدەنە حەشیشەو شەراب. بۆ ئەوەی وەلامی ئەوە بدەمەوە کە کێم لەگەلا بوو، دەبوایە باسی رزگار شیوعی و حەمەگۆپاڵەی بۆ بکەم. حەمەگۆپاڵە سەرو چاوی لە یابانیە پیرەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم ئەچوو، چاوەکانی هێندەی کونی دەرزیەک بچکۆلەبوون، لە سەرەتاوە من رقم لێی بوو. ئەو هەردەم سەر نینۆکەکانی هەڵئەکرۆشت. هەموو رۆژێ بۆ ماوەیەک لەپڕ وون ئەبوو، تا جارێکیان پێی ووتین کە دەروا بۆ کۆبوونەوەی حیزب. رزگار هەرچەندە پێیان دەووت رزگار شیوعی، بەڵام ئەو دەمێک بوو وازی هێنابوو. جارێکیان لە چاخانەی شەعب چایەکم بۆ کرێ و هەموو حیکایەتەکەی بۆ گێرامەوە. تا پێش روخانی دیواری بەرلین هەموو جارێ سوێندیان بەسەر هاورێ ستالین پێ ئەخواردین، کە دیوارەکە رووخا، هەموو شتێ روون بووەوە. دەرکەوت ئەوەی کە ئێمە ئەمانویست ، مێشکی خەڵکمان پێئەشتەوە، بلوێرمان بۆ لێئەدا، جگە لە شێویەکی تر لە قەلاچۆکردنی مرۆڤ هیچی تر نەبوو. کە پێم ووت مارکس خۆی بە سروشت کەسێکی دەسەڵات خوازبوو، ئەگەر بهاتایەو چانسی پراکتیزەکردنی دەسەلاتی هەبووایە هیچ لەوانی تر باشتر نەئەبوو. رزگار ووتی، حەزناکەم شتی وام پێبڵێی، چونکە بۆ ئەوەی توشی نەخۆشی خەمۆکی نەبم، پێویستم بەوەیە کە بروام بەوە بێت کە مارکس کەسێکی باشبوو. کە پێم ووت، بەڵام تۆ ئەو راستیە ئەزانی کە لەژیانتا هەڵخەڵەتابووی، پێی خۆش نەبوو دانی پیابنێ. دوای تێپەربوونی چەند مانگێ، ئێوارەیەکیان پێی ووتم، بەڵێ، بە تایبەتی کاتێ ئێمە لە باوەشی بەعسدابووین و کوردمان ئەکوشت بەوەش بەهانەمان ئەهێنایەوە کە ئەوان لایەنگری ئەمریکان، شەیتانی گەورە. پێم ووت حەزئەکەم هەندێ سۆلجنستین بخوێنیتەوە، بە تایبەتی رۆمانی رۆژێک لە ژیانی ئیڤان دینیسۆڤیچ، لە وەڵامدا ووتی باش.

ئەوەندەی نەبرد حمەگۆپاڵە بوو بە رۆژنامەنووس. لەو رۆژنامەیەی کە بە رەنگی سور داس و چەکوشێکی پێوەبوو. سور رەنگی خوێنە، داس و چەکوشیش ئامرازی مل لێکردنەوەو سەرپلیشانەوە بوو. جارێکیان لە گۆپاڵەم پرسی، کاک محەمەد، تۆ دەزانی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت دروێنەی کرد هەزاران بوو. ئەو پێکەنی و ووتی، تۆ ئاگات لە دونیا نیە. ئیتر گەرایەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو نوسینانەی کە بە دەست و خەتێکی ناشرین نووسرابوون و هەردەم کۆپی کرابوون. حمە گۆپاڵە لە رۆژنامەکەیدا کە ناوی رێگای کوردوستان بوو (من نەم ئەزانی ئەوان مەبەستیان ئەو رێگایە بوو کە کوردوستان پیا تێپەری و نایەوێ بۆی بگەرێتەوە، یان ئەو رێگایەی کە ئاواتەخوازبوون بیگرێتەبەر) دەربارەی مافی ئافرەتان ئەینوسی، ئافرەت لای شیوعیەکان ئەو ئامرازەبوو کە بەکار ئەهات بۆ رەخنەگرتن لە موسوڵمانان. حمەگۆپاڵە لەلایەن حیزبەوە وەک بوقێکی پڕوپاگەندە بەکارئەهات، بەڵام ئەو لە جیاتی ئەوەی دیالیکتیکانە بیرکاتەوە دەرویش بوو، جارێکیان کە بەختیار عەلی رەخنەی لە مارکس گرت حمەگۆپاڵە بورایەوە.

## ئۆردوگا

وا هەست دەکەی ئیتر بۆ هەتا هەتایە لەوێی. هەموو شتێک لەیەک ئەچێ. ئۆردوگاکان شوێنی تایبەت و دیاریکراون لە سەر رووی گۆی زەوی. شوێنێک کە تیایا خەون بینین و قسەکردن و نانخواردن و چونە سەر ئاودەست و جل لەبەرکردن و گانکردن و لە خەو هەستان و ئیشکردن و هەرچی شتی تریش هەیە لە ژێر سانسۆردایە. هاوین بوو کە ئێمەیان گوێزایەوە، مانگی تەموز. من لە سێبەری باوکمدا وەستابووم، هەردوکمان ئەمانروانیە ئەو شۆفڵە رەنگ زەردەی کە بێبەزەییانە قەپی لە ماڵەکەمان گیرئەکردوو پاشان بەسەریەکدا ئەیروخاند. ئێمە هەردوکمان بێدەنگ بێدەنگێ تەماشامان ئەکردوو فرمێسک بە چاومانا ئەهاتە خوارێ. من نەمئەتوانی لە روومەتی باوکم بنوارم. حەزم نەئەکرد ئاوا بەو شێوە بێدەسەڵاتیە ببینم. ئێمە هەردوکمان بە چاوی خۆمان ئەمانبینی چۆن شوێنی یادەوەریەکانمان، ئەو جێگایەی تیا گەورەبووین، تیا نوستین، تیا نانمانخوارد، خەونمان تیابینی، تیایا هەستمان بە ئاسودەگی و ئاسایشکرد، وێراندەکرێ. من هەستم کرد منالیم لە دەست چوو، شوێنی یاریەکانم، تەنها دارتوەکەی حەوشەکەمان کە هەردەم بە هاورێیەکی شیرینی خۆمم ئەزانی. ئەو رۆژە کە ئێمە گەشتین بۆ ئەوەی تەماشای ماڵەکانمان بکەین چۆن دەروخێ، رۆژێکی گەرم بوو، لە بیرم دێت حەڤدەی مانگی تەموز بوو، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو شتێ تینی گەرما هەڵئەستا. کە ئێمە گەشتین شۆفڵەکە وەستابوو، گەورەو گران دیاربوو، لێی نوسرابوو، کەتەرپیلەر، پاشان کە لە فەرهەنگی زماندا ماناکەیم دۆزیەوە، سەرم سورما، کە بە باوکم ووت، دەزانی مانای ناوی ئەو کۆمپانیایە چیە کە شۆفڵەکەی دروستکردبوو، سەیرێکی کردم و هیچی نەووت، ئینجا من ووتم، پەپولە، سەیرە ها. باوکم هەر بێدەنگ بوو، بێدەنگ بونێک کە نزیکەی مانگێکی خایاند. ئەو وەک بە دایکمی ووتبوو، نەی ئەزانی ژیانی ئۆردگا بە چی دەست پێبکات. زۆریش بیری لەوە کردبوەوە کە واز لە دینەکەی بێنێت. بەڵام پاشان ووتبووی من تازە تەمەنم کردوەو لە دەستچوو، کێ دەڵێ راست نیە، با بەردوام بم. پاش وەستانەکە شۆفڵەکە وورده وورده کەوتە رێ، لە رێکردنیدا دەنگێکی زۆری لێوەئەهات. من و باوکم تێمان ئەروانی، هەمووڵەشمان کردبووە چاوو ئەمانزانی ئێستا شتێک رووئەدات، رووداوێک کە بۆ هەتاهەتایە لە گەڵمانا دەبێت. ماڵەکەی ئێمە لە گوندەکەدا یەکەم ماڵ بوو، شۆفڵەکە لەلای راستەوە دەستی پێکرد. سایەقەکەی رەشتاڵەیەکی قژ تەلینی، چاو زاقی، دان شاشی، لچ زل بوو. گوێم لە بێدەنگیەکەی باوکم بوو، ئەو جار جار وورتە ووتێکی لێوە ئەهات، وەک ئەوەی قەشەیەک بێت و لەگەڵ خوادا بدوێ. ئەوەی بە سەر ماڵەکەی ئێمە هات، بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی گەورە بۆ بەتاڵان بردنی وڵاتەکەم، لە لایەن نەتەوەیەکەوە کە لە لایەن خواوە رێیان پێدراوە کە ژن و منال و سەروەت و سامانی خەڵکی بە تالان بەرن. کارێکی هێندە سەمەرەیە، کە خوا خۆشی هەستی پێکردوە، لە سەرەتای ئەو سورەتەدا بە پێغەمبەرەکەی دەڵێ، پرسیارت لێئەکەن دەربارەی ئەنفال. بەڵێ کارێکی وا شایانی پرسیارلێکردن نەبێ، ئیتر چی شایانی پرسیار لێکردنە. ئەو ئۆردگایەی کە ئێمەیان بۆ گوێزایەوە وەک هەموو ئۆردوگاکانی تر لە دەشتاییەکدا بوو، بۆ مەبەستی کۆنترۆڵ کردن. عەرەبەکان خۆیان خەڵکی دەشتایین، لە هەموو بستێکی شاخ و بەرزاییەکان گومانیان هەیە، ئەترسن، بە دۆستی خۆیانیان نازانن. ئۆردگاکەی کە ئێمەیان بۆ برد ناوی صمود بوو، بە زمانی عەرەبان یانی خۆراگر. بەڵام بوونمان لەوێ باشترین نیشانەی ئەوە بوو کە ئێمە لە گەڵ هەموو شتێکی ترا خۆراگریشمان لە دەستدابوو. رەنگە هەر بۆ ئەو مەبەستە وا ناویان نابێت، ئەوانەی کە خۆراگریان لە دەستدا. ئێمە خۆراگریمان لە دەست دابوو بەرامبەر بە دڕندەترین هێز لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا. هێزی عەرەبان، ئەوانەی بە پۆستاڵەکانی پێیان منالیان بەرشەق ئەدا تامردن، منالەکە تەنها بەوە تاوانباربوو کە لێیان ئەترساو تەنها چەکیشی گریان بوو. ئۆردگاکە لە دەشت شاکەل بوو.

ژنەکە لێی پرسیم بۆ چەندێک لەوێ ماینەوە من ووتم سێ ساڵ. من بیرم لەوە ئەکردەوە دەبێ ژنەکە بتوانێ وێنای شوێنێکی وا بکات. دەبێ ئەو ئەو دەقانەی خوێندبێتەوە کە دەربارەی کامپەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم نوسرابێت. دەبێت یادەوەریەکانی پریمۆ لیڤی خوێندبێتەوە. ئەو یادەوەریانەی بە جوانترین و خەمبارترین دەقی شیعری ئەم سەدەیە دەست پێئەکات. تۆ ئەی ئەو کەسەی لە ماڵە گەرمەکەتا بە هێمنی ئەژیت، ئەی ئەو کەسەی کە ئێواران ئەگەڕێیتەوە خواردنی گەرم و ڕوویەکی خۆش پێشوازیت لێئەکات. بیر لەوە بکەرەوە کەسێک هەیە، لە نێو قوڕا کاری پێئەکەن، کەسێ نازانێ ئاشتی چیە، کەسێ کە بۆ لەتێ نان تێئەکۆشێ، ژیانی کورت بوەتەوە بۆ ئەرێ و نەرێیەک.
ئۆردوگاکە پان و پۆر بوو. ماڵەکان بەسەر یەکدا ترنجا بوون و لەیەک ئەچوون. هەموو شتێک لە یەک ئەچوو. لەیەک چوون بنەمای سەرکی بەرقەرابوونی ئاسایشە. بۆیە هەردەم دەزگاکانی دەوڵەت لە جیاواز سڵ ئەکەنەوە، ئەترسن.

## ناوی هاوسەر:

ژنەکە لێی پرسیم، هاوسەرت هەیە، بۆ ساتێک بێدەنگ بووم، ئینجا ووتم، نەخێر. وەڵامەکە هەرچەندە تەنها ووشەیەک بوو بەڵام ئاسان نەبوو. دەبوو هاوسەرم هەبوایە. هاوسەر چیە؟ ڕەنگە ووشەکە لە هاوسەرینەوە هاتبێ. دوو کەس سەر دەکەنە سەر یەک سەرین. لە سەر یەک جێگا لە ژوورێکدا پێکەوە دەنون. بیرم لەوە کردەوە بۆچی پەیوەندی نێوان دووکەس دەکرێ بەو شێوەیە بناسرێتەوە، تەنها ئەو ساتەوەختە بکرێتە ناسنامەیان لەهەموو ساتەکانی تر زیاتر. ڕەنگە ئێمە لە ڕێگایی نائاگاییمانەوە بمانەوێ ئەوە بڵێین کە دووکەس ڕێگایان پێدرا سەربکەنە سەر یەک سەرین، ئیتر ئەوە ئەوپەڕی تێکەڵاوبوونە. ئای کە چەندین هەن کە سەر دەکەنە سەر سەرینێک و تێکەڵاو نین. من و ئانو هەرگیز ڕێگەمان پێنەدرا کە سەر بکەینە سەر یەک سەرین بەڵام تا ئەو پەڕی تێکەڵاو بووین تێکەڵاو بووین.
هەمووی، بەیانیەکی پایز، پایزێکی وەک ئەم پایزەی ئێستا دەستی پێکرد. من تازە هاتبووم بۆ زانکۆ، قازبووم بەڵام قازێکی نێرینە. ئەویش وەک من ڕۆژە ئەوەڵەکانی بوو لە زانکۆ. هەرچەندە دونیا بەرەو ئەوە ئەچوو زەرد داگەرێ، بەڵام ئەو جلەکانی سپی بوون، سپی وەک بەفر. (ڕۆژانێکی زۆر پاش ئەوە کاتێ لە سەفەرێکی زانکۆدا دەرفەتمان بۆ هەڵکەوت قسەبکەین، پیی ووتم، هەر لە منالیمەوە، سپێتی ڕەنگی جوانم بووە. بە مەکەرەوە تەماشای ئەکرد. ئەی ئەوە ڕەنگی ناخمە، ئەبێ تۆ هەستی پێبکەی. لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەمان ژوورێک هەیە، ژورێک دوو پەنجەرەی گەورەی تیایە، پەنجەرەیەکیان لەسەر جادەکەیە و ئەوی تریشیان بەسەر سەربانی ماڵەکەی دراوسێمانا ئەروانێ. ئەو ماڵەی کوڕێکیان هەبوو ناوی وەرزێر بوو من حەزم لێی بوو بەڵام هەرگیز بەیەکترمان نەزانێ. هەر زستانێ بەفر ببارێ من ئەڕۆمە بەر پەنجەرەکەو لەو کلوە جوانانە ئەروانم کە لەسەر خۆیان نم نم ئەهاتنەخوارێ) من حەزم ئەکرد لیی بروانم، ڕوومەتی بچکۆلانەبوو، چاوەکانیشی وەک شەوی غەریبساتن ڕەش. کە بە مەکرەوە بە ڕێگای ژێر دارەکانا ئەڕۆیی زۆرترین خشە خشی بە گەڵاکان ئەکرد. ئەو ساتە حەزم ئەکرد ببومایەتە گەڵایەو بەر قاچە رووتەکەی بکەوتمایە. گۆرەویەکانی کورت بوون، قاچی پاک پاکێ تاشی بوو، یان هێشتا منال بوو بۆ ئەوەی توکی لێبێت. هەستم ئەکرد ئەزانێ دڵم بێئۆقرەیە بۆی. لەپۆلدا هەردەم حەزم ئەکرد لە تەنیشتیەوە دانیشم، هەمیشە بۆنی خۆش بوو. حەزم ئەکرد قژی ڕەشەکەی هەڵدەمەوە و پشتی ملی ماچکەم. ماچێک کە تێکەڵاوی جەستەیم کات، گەرماییەک بێنێت بەلەشما تا ڕەحەت بوون. تۆزێ لە خۆم بچکۆلە تر بوو، یەکەم جار کە یەکترمان ناسی ڕۆمانە بچکۆلەکەی فرانسوا ساگانم بۆ هێنا، بەیانیت باش ئەی دڵتەنگی. ئانو شەرمی ئەکرد ، شەرمێک ئەوەندەی تر دلگیرو جوانی ئەکرد. لە پۆلدا هەردەم بێدەنگ بوو، ئانو ژنێ بوو لە بێدەنگی.

سەرەتای ساڵی سێهەم بوو، هەموو هاوینەکە ئێمە یەکترمان نەدی بوو، کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی جیا بینیم، ڕوومەتی خەمباربوو جلەکانی سەرتاپا ڕەش. من دڵم داچڵەکا، هەموو هاوینەکە بیرم لەوە کردبووەوە کە جارێ تر بە جلە سپیەکانەوە ببینم. لە هاویندا گەرمیان وەک ئەو شوێنەی لێدێ کە لە قورئانی پیرۆزدا پیی دەڵێن دۆزەخ.